٥١٥

2

٦ بۆ ١٢ ساڵ

# زنجیرەی هەبوو، نەبوو

# زمانی ئاژەڵان

ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس



# هەبوو، نەبوو

## بەشی دووەم

## (زمانی ئاژەڵان)



ئازاد عەبباس گڵێجاڵی

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نەک لە گوندەکەی خۆمانا بەڵکو لە گوندەکانی دەوروبەریشا دایکم تاکە ئافرەتێک بوو خوێندەواری هەبێ، چونکە کچە مەلایە، ئەو کاتە خەڵک ووتویانە: کچەکەی مەلا مەحمو خوێنەوارە! نیوەی یەکەمی هەشتاکان بوو، هێشتا نەچوبومە قوتابخانە، بە حوکمی ئەوەی دایک خوێندەوار بوو شەوانە کتێبی سەرچاوەی ئایینی زانای مەزن مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسی بۆ ئەخوێندینەوە، دوای ئەو باوکیشم چیرۆکی بۆ ئەگێڕاینەوە، یەکێک لەو چیرۆکانەی کە لە بیرم ماوە چیرۆکی گڵمتک بوو، چیرۆکەکە ئاوایە:

ڕۆژێک لە ڕۆژان گڵمتکێ گل بوە، دای لە تەمورە، تەمورەی شکاند!

ووتی: گڵمتک بۆچی تەمورەت شکان؟

ووتی: بۆچی گیا لە بانی پشتم سەوز ئەوێ؟

ووتی: گیا! بۆچی لە بانی پشتی سەوز ئەوی؟

ووتی: بۆچی مێ سەرقرتم ئەکا؟

ووتی: مێ! بۆچی سەرقرتی ئەکەی؟

ووتی: بۆچی گورگ دوگم ئەخوا؟

ووتی: گورگ! بۆچی دوگی ئەخۆی؟



ووتی: بۆچی شوان حەلەلەم لێ ئەکا؟
ووتی: شوان! بۆچی حەلەلەی لێ ئەکەی؟
ووتی: بۆچی داپیرە نانە سوتەڵەم ئەداتێ؟
ووتی: داپیرە! بۆچی نانە سوتەڵەی ئەدەیتێ؟
ووتی: بۆچی مشک سەردۆڵەکەم ئەخوا؟
ووتی: مشک! بۆچی سەردۆڵەکەی ئەخۆی؟
ووتی: بۆچی پشیلە قەپم پیا ئەکا؟
ووتی: پشیلە؟ بۆچی قەپی پیا ئەکەی؟
ووتی: چاووم زاقە! گوێم دوو فاقە! حەلەلەو کش کش لەم تاقە بۆ ئەو تاقە!.

هەمو تاوانەکەیان ئەهێنایەوە بۆ لای پشیلە، وەڵامی پشیلەکەش ئێمەی زۆر پێئەکەناند!

خوێنەری بەڕێز!

بەشێک لە وێژەو ئەدەبیاتی هەمو گەلان بریتیە لە گێڕانەوەی چیرۆک و ڕوداوەکان، لەم بەشەشدا گێڕانەوەی ڕوداوەکان بە ناوی ئاژەڵانەوە ئەگەر پشکی شێری بەرنەکەوتبێ ئەوا پشکێکی زۆر گەورەی بەرکەوتوە، چیرۆکەکانی کلیلە و دیمنە، مەنتیقوتەیری نەیشاپوری، مەسنەوی مەعنەوی گەورە خواناس جەلالەدینی ڕۆمی و ... شایەتی ئەم ڕاستیەن، مرۆڤە ژیرەکانی پێشوو زۆر جار لە دەست ستەم وزوڵمی کاربەدەستان ناڵاندویانە، نەشیانوێراوە ڕاستەوخۆ

ڕەخنە لە پاشاو وەزیرو کاربەدەستەکان بگرن، بۆیە لە ژێر پەردەی گێڕانەوەی چیرۆک بە ناوی ئاژەڵانەوە پلاری خۆیان گرتوەتە کاربەدەستان و داخی دڵی خۆیان ڕشتوە.


زۆر جاریش بە ناوی گێڕانەوەی چیرۆکی ئاژەڵان تەمێ و ئامۆژگاری خەڵکیان مەبەست بوە، وەک چیرۆکەکانی مەسنەوی مەعنەوی کە زیاتر لەم جۆرەیانە.

یەکێک لە گرنگیەکانی چیرۆک ئەوەیە کە زۆر زوو لە مێشکا ئەچەسپێ و درەنگ لە بیر ئەچێتەوە، هەر ئەوەشە وای کردوە کە زۆر جار پەنا بۆ چیرۆک ببرێت، ئەم کورتە چیرۆکانە کە لەبەردەست بەڕێزتایە بریتین لە کۆمەڵێک چیرۆک کە پڕن لە پەند و ئامۆژگاری بۆ تازە لاوە بەڕێزەکان، خۆ ئەگەر گەورەکانیش بیخوێننەوە ئەتوانن زۆر سودی لێ هەڵکرێنن، هیوادارم بە ووردی بیخوێنیتەوەو بەشی خۆت سودی لی هەڵکرێنی.

براتان

ئازاد عەبباس گڵێجاڵی

شارەزوور، گوندی قەرەگۆلی حاجی جەزا



# (١)
# پڵنگی ستەمکار

کلیلی ئەم بەشە:

+ پڵنگی برا گەورە

- پڵنگی برا بچوک

= سەگی گەورە

× سەگی بچوک

:: کەری گەورە

: کەری بچوک

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

لە دارستانێکا سێ خانوی نزیک لە یەک هەبو، هەر یەک لەو خانوانە دوو برای تیا ئەژیا، خانوی ناوەڕاست دو پڵنگی تیا ئەژیا، خانوی لای ڕاست دوو سەگ، خانوی لای چەپیش دوو گوێدرێژ.

ئەمانە هەمو بە خۆشی ئەژیان، بەیانییان زوو ئەچونە دەرەوە بۆ خـواردن پەیا کردن و ئێواران

ئەگەڕانەوە بۆ ماڵ.

ڕۆژێک پڵنگە بچوکەکە بە پڵنگی برا گەورەی خۆی ووت:

- کاکە! من وا ئەزانم ئەم خانوە بچوکەو ئیتر جێگەی من و تۆی تیا نابێتەوە.

+ ئەی چی بکەین؟

- با دوو سەگەکە دەر بکەین و خانوەکەیان بۆ خۆمان داگیر بکەین!

+ چۆن شتی وا ئەبێ؟ ناکرێ ئێمە لە خۆمانەوە ماڵ و خانوی دراوسێکانمان داگیر بکەین!

- کورە کاکە ئەوە تۆ چی ئەڵێی؟ باسی دراوسێ و مراوسێ لای من مەکە! گرنگ ئەوەیە ئێمە جێگامان فراوان و خۆش بێ، ئیتر ئەوان چی ئەکەن و چی ناکەن بە جەهەننەم!

+ ئەی سەگەکان بۆ کوێ بڕۆن؟

- ئەوە کێشەی من و تۆ نیە، بۆ کوێ ئەڕۆن با بڕۆن

+ ئەی ئەگەر ووتیان: ئێرە چۆڵ ناکەین! ئەو کاتە چی؟

- ئێ ئەوە کەی کێشەیە، من دوو خانویان بۆ ئەدۆزمەوە، زگی من بۆ یەکێکیان و زگی تۆش بۆ ئەویتر!



+ مەبەستت ئەوەیە بیانخۆین؟
- ڕێک وایە!
بۆ بەیانی داهاتو پڵنگی برا بچوک ڕۆشت بۆ ماڵی سەگەکان و هەواڵەکەی پێدان و داوای لێکردن کە خانوەکەیان چۆڵ بکەن و ماوەی دوو ڕۆژ مۆڵەتی‌دان بۆ ڕۆشتن ..... ئەو هەواڵە وەک بروسکەیەکی تیژ سەرتا پای سەگەکانی تەزاند، بەم کاتە ناوەختە ڕو لە کوێ بکەن؟ چی بکەن؟ بەم دەم و دەستە خانو چۆن پەیدا ئەبێ!؟
سەگەکان دانیشتن و بە یەکەوە ڕاوێژیان ئەکرد و بیریان لە ڕێگە چارەیەک ئەکردەوە، سەگە گەورەکە ووتی:
= ئەم کارە زۆر دژوارە ....
سەگە بچوکەکەش ووتی:
× ئەگەر خانوەکە چۆڵ نەکەین ئەمانخۆن! تۆ پێت چۆنە پرسێک بەو دوو کەرەی دراوسێمان بکەین؟
= ئەی باشە ئەوان چی بکەن، خۆ ئەوان هیچیان لە دەست نایە، کەر کەی چاری پڵنگ ئەکا!؟
× دەی با پێیان بڵێین خۆ زەرەر ناکەین!
هەردوو سەگەکە بە یەکەوە بەرەو ماڵی کەرەکان کەوتنە ڕێ و دوای گەشتن لە دەرگایاندا
= × سڵاوتان لێبێ

: سڵاو سەرچاو سەگە ئازیزەکان! فەرمون
سەگەکان چونە ژورەوەو سەرتاپای ڕوداوەکەیان بۆ کەرەکان گێڕایەوە.
کەرە بچوکەکە ووتی:
: جا ئەوە کەی کێشەی ئێمەیە!؟ ئەوە پەیوەندی بە خۆتانەوە هەیە!
کەری براگەورە یەکسەر قسەکەی لە دەمی برا بچوکەکەی وەرگرتەوەو ووتی:
:: ئەوە تۆ چی ئەڵێی برا؟ چۆن پەیوەندی بە ئێمەوە نیە؟ ئەو سەگانە دراوسێی ئێمەن و مافیان بە سەر ئێمەوە هەیە، دواتر ئەگەر ئەم هەڕەشەو گوڕەشەیەی پڵنگەکان سەری گرت ئەوا دوای ماوەیەکیتر دێن بەرئەبنە گیانی من و تۆش و خانوەکەمان پێ چۆڵ ئەکەن، لەوانەشە تێرو پڕیشمان لێدەن ...
: کاکە گیان تۆ ڕاست ئەکەی، قسەکەت زۆر ژیرانەیە
:: کەوابو ئەبێ هاوکارییان بکەین
: باشە، پێویستە هاوکارییان بکەین، با بە یەکەوە نەخشەو پلانێک دابڕێژین و خۆمان لە دەست ئەو پڵنگانە ڕزگار بکەین
هەردو کەرەکە ڕۆشتن بۆ لای ئاسنگەر و یەکی دوو جووت پێڵاوی ئاسنیان بە کردن دا بۆ ئەوەی لە کاتی

پێویستا لە پێی بکەن و بەرابەر دوژمن بوەستنەوە
سەگەکانیش دەستیان کرد بە ڕاهێنان بە دندانەکانیان و چۆنیەتی قەپگرتن و شەڕ کردن لە گەڵ پڵنگا، دوای ئەوەی ڕاهێنانێکی باشیان کرد هەمویان پێکەوە بەرەو ماڵی پڵنگەکان کەوتنەڕێ و لە دەرگای ماڵی پڵنگەکانیاندا

پڵنگە بچوکەکە دەرگای کردەوەو تەماشا ئەکا سەگەکان و کەرەکان هەمویان پێکەوە هاتوون بۆ لای ئەمان، بۆیە ووتی:

- ها خێرە؟ ئەوە چیە هەموتان هاتونەتە ئێرە؟ چیتان ئەوێ زووبن بیڵێن؟

کەرە گەورەکە ووتی:

:: ئەمانەوێ بزانین بۆچی ئەتانەوێ ئەو دوو سەگەی دراوسێمان لە ماڵی خۆیان دەربکەن؟

- دەی تۆ هەقت چیە؟

:: ئەو سەگانە دراوسێی ئێمەن و پەنایان بۆ ئێمە هێناوە

- دەی ئێوەش پەنایان ئەدەن؟

:: دیارە پەنایان ئەدەین

- دەی کەوابێ هەرهەموتان ئەخۆین!

:: نەخێر خەیاڵت خاوە! ناتوانن بمانخۆن، ئەها پێلاوی ئاسمان لە پێدایە، بە جوتە و لەقە شەل و

پەتتان ئەکەین.

سەگەکانیش دانە تیژەکانی خۆیانیان دەرخست و پیشانی پڵنگیان دا و پاشان ڕۆشتن

کەرەکان بەڵێنیان بە سەگەکان دا کە پاڵپشتیان بن و پشتیان بەرنەدەن، چونکە داهاتویان وەک یەک ئەبێ، ووتیان: بە هەمو هێزی خۆمان پشتگیریتان لێ ئەکەین.

پاشان سەگەکان و کەرەکان بە بەرچاوی پڵنگەکانەوە دەستیان کرد بە خۆنواندن و خۆ دەرخستن ....

دوای ئەوەی پڵنگەکان ئەوەیان بینی پڵنگی برا گەورە بە پڵنگی برا بچوکی ووت:

+ ها برا! چی دەڵێی؟ ئەم خۆ نواندنەی سەگ و کەرانە چۆن ئەبینی؟

- نا، من بە گرنگی نازانم و هەرکەس بەرانبەرم بوەستێتەوە ئەیخۆم!

+ ئەی ئەگەر یەکێک لە کەرەکان لەقەیەکی بەهێزی لێدای، یان یەکێک لە سەگەکان گازێکی توندی لێ گرتی ئەو کاتە چی؟

- مەبەستت چیە؟

+ مەبەستم ئەوەیە ئەگەر برینداریان کردی و ئازارێکی توندیان پێ چەشتی! یان تەنانەت ئەگەر

مردی؟!

- دەی برا ئێستا چی ئەڵێی و مەبەستت چیە؟

+ من ئەڵێم با واز لەو ئاژەڵانە بێنین و لێیان گەڕێن بۆ خۆیان بە سەربەستی بژین!

سەگەکان و کەرەکان ئەم گفتوگۆیەی نێوان پڵنگەکانیان پێگەشتەوەو زانییان لە کارەکەی خۆیان پەشیمانن، بۆیە زۆر خۆشحاڵ بون و بە ئازادی و سەربەستی و خۆشی درێژەیان بە ژیانی خۆیانداو زانییان کە بە هاوکاری کردنی یەکتر ئەتوانن بەرانبەر ستەم و زۆردار بوەستنەوە، بۆیان دەرکەوت یارمەتیدانی یەکتر لە کاتی تەنگانەدا شتێکی زۆر پێویستەو بە بێ هاوکاری و یارمەتی ژیان سەختە.

# (٢)
# شار و دارستان

**کلیلی ئەم بەشە**

- پڵنگی نێو دارستان (بە ناوی قارەمان)
+ پیاوێکی شاری _هاوڕێی قارەمان)
= پیاوێکیتری شاری.

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

لە دارستانێکا پڵنگێکی ژیر و زیرەک هەبو ناوی قارەمان بوو، بەیانییەک زوو قارەمان بە مەبەستی وەرزش کردن و هەوا هەڵمژین دەستی کرد بە پیاسە کردن تا گەشتە لێواری دارستان، شارێک نزیک دارستانەکە بوو، قارەمان گوێی لە ژاوەژاوی شار بوو، زیاتر خۆی لە شار نزیک کردەوە، گوێی لە دەنگی خەڵک و دیدەی سەیارەکانی نێو شار بوو،



بۆیە قارەمان پێی باش بوو تەواو بچێتە ناو شار و بزانێ لە ناو شارا چی ئەگوزەرێ؟!

قارەمان ڕۆشتە ناو شار، چاوی بە چەندین سەیارەی ڕەنگاوڕەنگ کەوت، بە پەلە ئەهاتن و ئەچون، چاویشی بە کۆمەڵێک خەڵک کەوت، ئەو خەڵکەش هەر یەکەو پۆشاکێکی لە بەرا بوو کە لە پۆشاکی ئەویتر جیاواز بوو، هەم جۆری دورین و هەم ڕەنگەکان جیاواز بوون، دیسانەوە تەماشای کرد ئەو خەڵکە لە خانوی زۆر بڵند و بەرزا ئەژین.

قارەمان ڕۆشتە ناو کۆڵانێکەوە، چاوی بە پیاوێ کەوت، لە پیاوەکە نزیک بویەوەو هەوڵیدا گفت وگۆی لە گەڵا بکات، بەڵام پیاوەکە هەرکە چاوی بە قارەمان کەوت هەمو گیانی دەستی کرد بە لەرزین و بە پەلە ڕای کرد.

قارەمان بە دەنگی بەرز بانگی پیاوەکەی کرد و پێی ووت:

- بۆچی لە مەن ئەترسی؟

پیاوەکە ووتی:

+ ئەترسم بمخۆی!!

- نا مەترسە! من بۆ ئەوە نەهاتوم کەس بخۆم!

+ ئەی بۆچی هاتوی؟

- من لە دارستانەکەی نزیک ئێرە ئەژیم، هاتوم

بزانم لە ناو شارا دەنگوباس چیەو چی نیە؟ ئەمە یەکەمجارە من بێمە ناو شارەوە، من زۆر بەو هەموە سەیارە ڕەنگاوڕەنگە سەرسامم! بەم خانوە بەرزانە! بەم پۆشاکە جوانانە کە ئێوە لەبەری ئەکەن! بەڕاستی ئێوە ژیانتان زۆر زۆر خۆشە! خۆزگەم بە خۆتان! خۆزگایە منیش مرۆڤ بومایە، ئێوە زۆر بەختەوەرن!.

+ ئەی ژیانی نێو دارستان چۆنە؟ ئێوە چۆن ئەژین؟

- کورە کاکە! ژیانی نێو دارستان زۆر ناخۆشە، هەمو بەیانییەک ئەبێ زوو لە ماڵ دەربچین بۆ پەیدا کردنی خواردنێک، بست بە بستی دارستان بگەڕێین، تەنانەت سەردارەکانیش بگەڕێین، هەمو ئاژەڵێک ئەبێ بۆ پەیدا کردنی بژێوی ڕۆژانە بگەڕێ! بەیانی زوو لە ماڵ دەربچێ و ئێوارە بە ماندوێتی بگەڕێتەوە، خواردن بۆ خۆی و بێچوەکانی پەیدا بکا، هیچ پاناو پەسیوێکیش نیە ئاژەڵ لە سەرماو گەرما بپارێزێ! بەڵام ئێوە خانوی خۆشتان هەیە، جل وبەرگی جوان و ڕەنگاوڕەنگتان هەیە، بە سواری سەیارە هات وچۆ ئەکەن! ئای خۆزگەم بە خۆتان ئێوە چەندە ژیانتان خۆشە و ژیانی ئێمە چەند گران و ناخۆشە!!.

+ نا پڵنگی قارەمان ژیانی ئێمە یەکجار واش نیە کە تۆ ئەیڵێی، ژیانی ئێمەش پڕە لە ناخۆشی!

قارەمان قسەی بە پیاوەکە بڕی و بە دەنگێکی تورە

ئامێرەوە ووتی:

- نا مەمخەڵەتێنە! خۆ من ئێرەییتان پێ نابەم! بۆ ئەوەش نەهاتوم لەم شارە نیشتەجێ بم، بۆ ئەوەش نەهاتوم ماڵی کەس داگیر بکەم!

+ تورە مەبە پڵنگی بەڕێز! من ناتخەڵەتێنم! من ئەمەوێ تەنیا ڕاستییەکانت بۆ باس بکەم

- دەی باشە من ئەمەوێ خۆم لە نزیکەوە ئاگاداری ژیانی ئێوەی مرۆڤ بم!

+ باشە! بەڵام ئەبێ بەڵێنم بدەیتێ کە ئازاری هیچکەس نەدەی، تەنانەت ئەگەر یەکێ تورەی کردی ئازاری نەدەی!

- باشە، بەڵێن بێ ئازاری هیچ کەس نەدەم

پیاوەکە و قارەمان بە یەکەوە بەرەو فرۆشگایەکی گەورەی تایبەت بە خواردەمەنی کەوتنە ڕێ، هەر لە فرۆشگا نزیک بونەوە خەڵکەکە هەمو بە جارێ خەریک بوو لە ترسی قارەمان بتۆقن و ڕا بکەن ئەو ناوە چۆڵ بکەن، پیاوەکەش هاواری کرد و ووتی:

+ تکایە هیچ کەسێک نەترسێ، ئەم پڵنگە ناوی قارەمانەو هاوڕێی منەو کەس ئازار نادات، تەنیا ئەیەوێ کەمێک لە ژیانی ئێمەی مرۆڤ بکۆڵێتەوە....

ئیتر خەڵکەکە هێور بونەوەو پیاوەکەو قارەمان بە یەکەوە لە ناو فرۆشگاکەدا دەستیان کرد بە

گەڕان، قارەمان چاوی لێبو ئەو مرۆڤانە بڕێکی زۆر خواردەمەنی ئەکڕن و ئەیخەنە ناو سەیارەکانیان و ئەیبەنەوە بۆ ماڵ، قارەمان ووتی:

- ئەو ئەو خەڵکە ئەو هەموە خواردنە ئەخۆن؟

+ بەڵێ، ئەیخۆن و ئەبێ بە هۆی نەخۆشی و قەڵەوی و چەند دەردودایەکی تر

- جا خۆ ئاژەڵەکان لە دارستانا هەر ئەوەنە ئەخۆن کە زگیان تیر ببێ وئیتر هیچ هەڵناگرن و هیچ خواردنێک ناشارنەوەو نایبەنەوە بۆ ماڵ! هەرچیەکیان لێ مایەوە بەجێی ئەهێڵن بۆ ئەوەی ئاژەڵێکیتر بیخوا!

+ بەڵام مرۆڤ وانیە! زیاد لە پێویست ئەخۆین و ئەیشارینەوەو هەڵی ئەگرین! هیچیش بۆ کەسێکیتر جێناهێڵین!

پیاوەکە و قارەمان درێژەیان بە گەشتەکەیان دا، بە یەکەوە بە کۆڵانەکانا ئەسوڕانەوە، سەیارەیەک دای بەلایانا و بڕێکی زۆر دووکەڵ لە جامی سەیارەکەوە هاتەدەر! دووکەڵەکە هەموی چو بە سەروچاوی قارەمان و پیاوەکەدا، خەریک بوو بخنکێن، دەستیان کرد بە کۆکین.... پیاوەکە ووتی:

+ لە دارستانا شتی وا ڕوو ئەدا؟

- نەخێر هەوای دارستان زۆر پاکە، هەرگیز شتی وای تێدا نیە.



دیسانەوە درێژەیان بە گەشتەکەیاندا، چاویان بە دوو پیاو کەوت کە تورە بوون و دەمەقاڵییان بوو، جیاتی ئەوەی بە نەرمی گفتوگۆ بکەن کەچی ئەیانقیڕاند بە سەر یەکا، دوای ئەوەی پیاوەکەی هاوڕێی قارەمان کەوتە نێوانیان و ئاشتی کردنەوە قارەمان لە دوو پیاوەکەی پرسی و ووتی:

- ئەوە بۆچی ئاوا تورەو بوون؟

یەکێک لە پیاوەکان ووتی:

= ئەوە ئەیەوێ جێگای سەیارەکەی من داگیر بکا!

- ئەی شوێن و جێگایەکیتر نیە سەیارەی تیا بوەستێنی!؟

= با هەیە بەڵام کەمێک لێرەوە دوورە!!

- دەی کاکە پێکبێن و ڕۆژێک تۆ و ڕۆژێک ئەویتر سەیارەکەتان لێرە بوەستێنن و ئەویترتان لەولا بیوەستێنێ و مەچن بە گژی یەکا!

هەریەک لە پیاوەکان بە دەنگێکی بەرز قیڕاندیان و ووتیان: نەخێر، من هەرگیز ئێرە چۆڵ ناکەم، دیسان جەنگ و شەڕەجوێن گەرم بویەوە، پڵنگی قارەمانیش بە سەرسامییەوە تەماشای ئەکردن و لە دڵی خۆیا ئەیووت: خوایە! خۆ ئەوانە مرۆڤن، ژیرن، بۆ کێشەی بچوک بچوک وا گەورە ئەکەن و ناتوانن کۆتایی پێ بێنن!؟

هاوڕێکەی قارەمان ووتی:

+ ها! قارەمان! ئێستا ڕات چۆنە؟

- بە پێچەوانەی ئەم دوو کەسەوە هەرگیز لە دارستان

شتی وا ڕونادات!

دیسانەوە قارەمان و پیاوەکە دەستیان کرد بە ڕۆشتن، تا دەمەو ئێوارە بە یەکەوە گەڕان، چەندین کێشەی لەو جۆرەیان بینی، بۆیە قارەمان جار لە دوای جار زیاتر ئەحەپەسا، واقی ووڕ ئەما، ئێوارە پیاوەکە بە قارەمانی ووت:

+ ناتەوێ شتێک بڵێی؟

- با! زۆر بەزەییم بە ئێوەی مرۆڤا دێتەوە، لە پشتەوەی ئەم هەموە ڕەنگە جوانە چەندین ناخۆشی و خەمناکی و شەڕو ئاژاوە هەیە، ئەوانەی کە بە بار خواردن ئەبەنەوە بۆ ماڵەکانیان زۆر لە ئێمە زیاتر خەفەتی خواردن ئەخۆن کە زۆر بە نارەحەتی دەستمان ئەکەوێت، ئێمە زۆر جار لە دارستان بە دڵێکی خۆشەوە گاڵتەو گەپ و یاری ئەکەین، بەڵام ئەمڕۆ لێرە یەک تۆسکاڵیش دڵخۆشیم لە مرۆڤێک نەدی!!

+ دەی پێم بڵێ ئێستا ئەتەوێ چی بکەی؟

- چی ئەکەم!؟ ئەچمەوە بۆ بەهەشتەکەی خۆم، مەبەستم دارستانە، جەهەنەمەکەی ئێوە بەجێ ئەهێڵم، مەبەستم شارە.

جەهەننەمی خۆتان بۆ خۆتان، بەهەشتی خۆمان بۆ خۆمان.

# (٣)
# زمانی ئاژەڵان

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

پیاوێ هەبو بیستبوی کە پیاوچاکێک هەیەو داوای هەر شتێک لە خوای گەورە بکا بۆی جێبەجێ ئەکا و نزاکانی گیرا ئەکا، پیاوەکە ڕۆشت بۆلای پیاوچاکەکەو پێی ووت:

- ئەمەوێ نزایەکم بۆ بکەی

+ بە سەرچاو داوای چی ئەکەی بیڵێ تا لە خوا بپاڕێمەوە پێت ببەخشێ!

- ئەمەوێ داوا بکەی لە خوای گەورە کە من فێری زمانی هەمو ئاژەڵان بکا و بزانم چی ئەڵێن! پا پەند و ئامۆژگارییان لێ وەربگرم!

+ کاکە برا تەماشا بکە! من پیاوێکی چروک و ڕەزیل

نیم، بەڵام ئەو داواکارییەی تۆ باش نیە، تۆ ئەتوانی بە گوێرەی ئەقڵ و ئاوەزی خۆت سود لە خوێندنەوەو ئەزمون لە ڕابردوی ژیانی خۆت و دەوروبەری خۆت وەربگری، تۆ وا ئەزانی کە کەس نەماوە ئەزمون و سودی لێ وەربگری ئاژەڵان نەبێ!؟ تۆ بڕۆ بزانە زمانی کێ ئەزانی، ئەزمون لەو مرۆڤانە وەربگرە کە زمانیان ئەزانی ئەوە بۆ حەفتا پشتت بەسە، ئیتر چیت داوە لە زمانی ئاژەڵان، ئەوە جگە لە دەردەسەری هیچیتر نیە.

- نا کاکە، خۆ من نامەوێ پارە بەو زمان زانییە پەیدا بکەم، من کابرایەکی گوند نشینم، لەماڵەوە ئاژەڵم هەیە، هەر لە سەگەوە بگرە تا ئەگاتە مەڕو وبزن و مانگاو گوێدرێژ و ئەسپ و.... تەنانەت چەندەها جۆر پەلەوەرو باڵندەشم هەیە، ئەمەوێ بە گوێ گرتن لەم گیاندارانە ئەزمون لە ژیان وەربگرم و ئاکارو ڕەوشتی خۆم چاک بکەم

+ باشە برا ئەزانم ئتەوێ هەمو شتێ بزانی، منیش ئەمەوێ هەمو شت بزانم، بەڵام زۆر شت زانینیش بەشی خۆی دەردەسەری و ناڕەحەتی هەیە، وەرە بە گوێی من بکەو واز بێنەو بڕۆ بە کاروباری خۆت ڕابگە.

بەڵام پیاوەکە هەر سور بوو لە سەر داواکاریەکەی بۆیە ووتی:

- ئاخر ئەوە شتێکە هاتوە بە مێشکما و زۆرم حەز



لە زانینی زمانی ئاژەڵانە، خۆ تۆ ئێرەیی بەم حەزەی من نابەی، هیچ نەبێ با زمانی سەگ و باڵندە بزانم، ئەوەندەم بەسە

+ زۆر باشە مادەم ئەوەندە سوری لە سەر زمان زانینی ئاژەڵان برۆ من لە خوا ئەپاڕێمەوە کە فێری زمانی سەگ و باڵندەت بکا، بەڵام ئەبێ خۆت زیانەکەی لە ئەستۆ بگری و هیچ پەیوەندی بە منەوە نەبێ!

پیاوەکە بە دڵێکی خۆشەوە ڕۆشتەوەو شەو لە ماڵ خەوت و سبەینێ کە لە خەو هەستا بە خزمەتکارەکەی ووت:

- نان و چای بەیانیم بۆ ئامادە بکەو لە بەرهەیوان نان و چا ئەخۆم و بێڵە با سەگەکەو کەڵەشێرەکەش بێنە بەرهەیوان.

خزمەتکار نان و چای بۆ پیاوەکە ئامادە کرد و سەگەکە و کەڵەشێریشی بەردایە ناو هەیوانی ماڵەکەوە، کاتێ نانەکەی ئەهێنا کەرتە نانێک کەوتە زەوی و کەڵەشێر پەلاماری داو ویستی بیخوا، پیاوەکە گوێی لێ بو کە سەگەکە بە کەڵەشێری ووت: ئای کە کەڵەشێرێکی خراپی، جۆ ئەخۆی، گەنم ئەخۆی، هەرزن ئەخۆی، مێش و مەگەس ئەگری و ئەیانخۆی، سەدان شتیتریش ئەخۆی، دەی لێگەڕێ با من ئەو پارچە نانە بخۆم!

کەڵەشێر ووتی: خەم مەخۆ! هیچ شتێک ئەوەندەی گۆشت بۆ تۆ خۆش نیە، سبەینێ ئەسپەکە مردار ئەبێتەوەو فڕێی ئەدەن و بڕۆ تێر گۆشت بخۆ!

سەگەکە ووتی: وەڵا ڕاست ئەکەی خۆ من لە بیرم نەمابو سبەی ئەسپەکە مردار ئەبێتەوە، دەی باشە نانەکەت بخۆ نۆشی گیانت بێ.

کابرا گوێی لە گفتوگۆی سەگ و کەڵەشێر بوو، ووتی: ئای چەن سەیرە! سبەی ئەسپەکەمان مردار ئەبێتەوە، با بە پەلە بیفرۆشم و زەرەر نەکەم، ئا ئەوە نیە زمان زانین چەندە باشە، وانەبوایە من نەئەزانی ئەسەپەکەم سبەی مردار ئەبێتەوە.

کابرا بە پەلە بانگی خزمەتکاری کرد و ووتی: هەر ئێستا ئەسپەکە ببە بۆ مەیدانی ئاژەڵان و بیفرۆشە

خزمەتکار ئەسپی برد و فرۆشتی و کابرا زۆر خۆشحاڵ بو کە زەرەری نەکردوە.

بۆ بەیانی دواتر دیسانەوە وەک بەیانی ڕابردو کابرا نان و چای لە بەرهەیوان خوارد و ئەمجارەش کەرتە نانێک کەوت و کەڵەشێر پەلاماریدا و بردی، سەگەکە ووتی: بێنە ئەو کەرتە نانە بدە بە من با بیخۆم، تۆ دوێنێ بەیانی ووتت ئەسپەکە مردار ئەبێتەوە بەڵام کابرا ئەسپەکەی فرۆشت و منیش هیچم بۆ نەبو بیخۆم



کەڵەشێر ووتـی: دەی سەگە کیان خۆ من درۆم نەکرد، ئەسپەکە مـردار بویەوە، بەڵام کابرا پێش ئەوەی ئەسپەکە مردار ببێتەوە فرۆشتی، لە بەر ئەوەی قەرار بوو زەرەرێک لەم پیاوە بکەوێ بەڵام نەکەوت ئەوا سبەی کەرەکەی مردار ئەبێتەوە، مردار بونەوەی کەریش شایی سەگانە، تێر لە گۆشتی کەرە بۆر بخۆ!

سەگەکە ووتـی: وەڵا ڕاست ئەکەی! دەی بیخۆ نۆشی گیانت، من بەیانی تێر گۆشت ئەخۆم.

کابرا ئەو بەیانییەش وەک بەیانی ڕابردو گوێی لە گفتوگۆی نێوان سەگ و کەڵەشێر بوو، بۆیە خێرا بانگی خزمەتکاری کرد و ووتی:

هەر ئێستا ئەو کەرە ببەو بیفرۆشە و پارەکەم بۆ بێنەوە!

بۆ بەیانی سێیەم دیسان کەڵەشێر کردی بە پەلکە نانداو بردی، سەگەکە وەک دوو بەیانیە ڕابردوەکە گلەیی لە کەڵەشێر کردو ووتـی: ئەو پارچە نانەم بـدەرێ با من بیخۆم، خۆ کەرەکەش نەتۆپی و من تەواو برسیمە

کەڵەشێر ووتی: سەگە گیان بڕوا بکە کەرەکەش تۆپی، بـەڵام من نازانم ئەم پیاوە چۆن ئەزانێ و فریا ئەکەوێ پێش ئەوەی ئەم شتانە مردار ببنەوە ئەیانفرۆشێ، دیار زۆر زیرەک بوە!! بەڵام خەفەت

مەخۆ ئەم سبەینێیە زوو بۆم دەرکـەوت کە لەبەر ئەوەی ئەسپەکەو کەرەکە لە ماڵی ئەم پیاوەدا مردار نەبونەتەوەو زەرەری لێ نەکەوتوە ئەوا مەڕە ڕەشەکان کە چوار دانەن هەمویان مردار ئەبنەوەو خۆت ڕاگرەو سبەی تێر گۆشت بخۆ!

سەگەکە ووتـی: منیش ئەزانم، پێش بە هەمو زیانێک ناگیرێت، لە بەر ئەوەی کەرەکەش لە ماڵی ئەم پیاوەدا نەتۆپی و زەرەکە بەر ئەم نەکەوت ئەوا سبەی مەڕە ڕەشەکان مردار ئەبنەوە، باشە منیش خۆڕاگر ئەبم و سبەی تێر گۆشت ئەخۆم.

کابرا کە گوێ لەم گفتوگۆیەش بو بە پەلە بانگی شوانەکەی کرد و فرمانی پێدا کە هەر ئێستا ئەو چوار مەڕە ڕەشە بفرۆشە!

کابرا زۆر خۆشحاڵ بوو و لەبەر خۆیەوە ئەیووت: ئاه کە خۆشە زمانی ئاژەڵان بزانیت، ئیتر زەرەرت لێ ناکەوێ و بۆی دەرباز ئەبی!

هەڵپەڕکێی ئەکرد چۆپی و گاوانی هەردو هەر خۆی بو بەڵام نەیزانی

کە چی لە پشتی قەزاو قـەدەرە خراپە، چاکە، خێرە یا شەڕە

بۆ بەیانی داهاتو دیسانەوە وەک جاران کەڵەشێر و سەگ لە هەیوانا لە بەردەم خاوەن ماڵا بە یەک

گەشتنەوەو کەڵەشێر نانەکەی برد، ئەمجارە سەگ ووتی: ها جەنابی کەڵەشێر! دیسان ئەمڕۆش نانەکە بۆ تۆ بێ!؟ ئیتر ئەمڕۆ هی خۆمەو ناهێڵم تۆ بیخۆی! منیش وەک تۆ شتم ئەزانی، بەڵام خاوەنەکەمان لە من و تۆش زیرەکتر و وریاترە، ئەزانێ چی مرادار ئەبێتەوە پێش ئەوەی مردار بێتەوە ئەیفرۆشێ و ناهێڵێ زەرەری پێ بگا!

کەڵەشێر ووتی: جەنابی سەگ زۆر بە زیرەکی خاوەن ماڵ دڵخۆش مەبە، ئەمڕۆ سەرەی خۆیەتی خۆی ئەمرێ، دوای ئەوەی مرد خزم و کەسوکاری پرسەی بۆ دائەنێنن شەشە حەوت مەڕیش بۆ نان و چێشتی پرسەکەی سەر ئەبڕن و تۆش تێری زگی خۆت گۆشت ئەخۆی!

سەگ ووتی: تۆ چوزانی؟

کەڵەشێر ووتی: ئەم دەمەوبەیانییە کە خواپەرەستیم ئەکرد گوێم لێبوو ئەیانووت: ئەم پیاوە هەندێ شتی حەرام و ناڕەوای لە ماڵا هەبوو، ماڵەکەی پیس ببو، ئەگەر کەسێک خوێنی پیس بێ کەڵەشاخێکی لێ ئەگرن تۆزێک خوێنی لێ دەرئەکەن و ئیتر خوێنەکەی ناو لاشەی پاک ئەبێتەوە، وا بڕیار بو ئەم پیاوە ئەسپەکەی مردار ببێتەوەو بەو هۆیەوە هەندێ زەرەری لێ بکەوێ و ببێتە پاکایی بۆ ماڵەکەی و

تەمەنی خۆی درێژ بێ، بەڵام ئەو پێش ئەوەی ئەسپەکە مردار بێتەوە فرۆشتی، دواتر بڕیار بو کەرەکەی مردار ببێتەوە، ئەویشی فرۆشت، دواتر بڕیار بو چوار مەڕی مرداربببێتەوە، ئەوانیشی فرۆشت، ئەو پیاوە نەیهێشت ئەو ئاژەڵانە ببنە قەزاوەگێڕی، بۆیە ئەمڕۆ سەرەی خۆیەتی بمرێ.

سەگ ووتی: ئێ! باسەکە ئاوایە؟

کەڵەشێر ووتی: بەڵێ! زیرەکی وورییایی زۆرو لە ڕادە بەدەر لە کاتنی هاتنی ئاکام و ئەجەلا هیچ ڕۆڵێک نابینن.

پیاوەکە هەر بە بیستنی ئەم قسانەی نێوان سەگ و کەڵەشێر نانی پێ نەخوراو بە پەلە ڕایکرد بۆ لای پیاو چاککەکەو ووتی: ئەیهاوار بە فریام بگە! بەدبەخت بوم!

پیاوچاکەکە ووتی: چی بوە؟ لە چی ئەترسی؟

پیاوەکە ووتی: بابەتەکە ترس و مرس نیە، ژیان و مردنە، لێم ڕوونە ئەمڕۆ ئەمرم! .... ئیتر پیاوەکە لە سیر تا پیازی بە ووردی بۆ پیاوچاکەکە گێڕایەوە و ووتی: ئێستە بنیشمە قوڕی کوێ؟ چی بکەم؟ ئەمرم!

پیاوچاکەکە ووتی: دەی ئێستا من هیچم لە دەست نایە، من زووتر پێم ووتی ئەم کارەی تۆ باش نیە، ئێستاش کە بڕیارە بمری من هیچم پێ ناکرێ، من

ناتوانم دەست بخەمە کارەکانی پەروەردگار، خوا ئیرادەی هەر شتێکی هەبێ ئەیکاو کەسیش ناتوانێ بڵێ بۆ وایە؟ قەزاو قەدەر هاتبو ئەگەر زەرەرێکت بکردایە لەوانەبو ببوایە بە قەزاوەگێڕی خۆت، بەڵام تۆ خۆت نەتهێشت، ئەگەر ئەو ئاژەڵانە لای تۆ مردار ببونایەتەوەو تۆ زەرەرت بکردایە ئەو زەرەرە ئەبوە قەڵغانێک بۆ تۆ و لە مردنی ئەپاراستی تا ماوەیەکی تر بەڵام تۆ خۆت ئاژەڵەکانت فرۆشتوەو مردنی خۆتت پێ کڕیوە، خۆ مرۆڤ ناتوانێ دەستکاری کارەکانی خوا بکا و خەڵ و خەشیان تیا بکا، بەڵام تەنیا یەک ڕیگە ماوەتەوە ئەگەر بتوانی بیکەی لەوانەیە نەمری!

پیاوەکە ووتی: قوربانت بم پێم بڵێ چیە با بیکەم؟

پیاوچاکەکە ووتی: مەگەر بڕیار نەبو ئەو ئاژەڵانە لای تۆ مردار ببنەوەو تۆ زەرەر بکەی؟

ووتی: با

ووتی: دەی بڕۆ بزانە بە کێت فرۆشتوون پارەکەیان پێ بدەرەوە با گەردنت ئازا بکەن و بەڵکو ئەوە خوایە چارەنوسی تۆش بگۆڕێت!

پیاوەکە ووتی: ڕاست ئەکەی ئێستە ئەچم و ئەو کارە ئەکەم!

پیاوەکە بە پەلە ڕایکرد بۆ لای شوانەکەی خۆی و پێی ووت: مەڕەکانت بە کێ فرۆشت؟

شوانەکە ووتی: بە کاک عەوڵای گوندەکەی جیرانی خۆمان

پیاوەکە بە ڕاکردن ڕۆشت بۆ گوندەکەی جیرانی خۆیان بۆ لای کاک عەوڵا، ووتی: کاک عەوڵا تۆ دوێنێ چوار مەڕی ڕەشت کریو شەو مردار بونەوە؟

کاک عەوڵا ووتی: بەڵێ! بەخوا باش بو شەو هەمویان مردار بونەوەو فریای من کەوتن!

پیاوەکە ووتی: نەخێر برا خراپ بوو، تۆ زەرەرت کردوە، ئەو مەڕانە هی من بوون، من ئەمزانی مردار ئەبنەوە بۆیە فرۆشتم، ئێستا من پەشیمان بومەتەوەو هاتوم پارەی مەڕەکانت پێ بدەمەوەو گەردەنم ئازا بکەی!

کاک عەوڵا ووتی: نەخێر برا من ئاواش زۆر ڕازیم و هیچ پارەیەکم ناوێتەوە، ئەزانی بۆچی؟

پیاوەکە ووتی: بۆچی؟

کاک عەوڵا ووتی: من لە گەڵ پیاوێکا کێشەیەکم هەبو، من لە سەر هەق بوم، بڕیار بوو بچین بۆ لای قازی بۆ ئەوەی کێشەکەمان یەکلا بکاتەوە، شەو بڕیارمدا ئەو چوار مەڕەی بۆ ببەم بۆ ئەوەی هەقەکەم پێ بداتەوە، بەڵام شەو هەرچواری مردار بونەوە، ئەو پیاوەش کە لە گەڵ منا شەڕی کردبو ڕۆشت بۆ لای قازی و دو سێ مەڕی بۆ بردبو بۆ ئەوەی هەق بەو بدا، قازی

لێی تورە ببو، ووتبوی وادیارە تۆ بەرتیل ئەدەی، هەرکەسیش بەرتیل بدا یانی ستەمکارە بۆیە بەرتیل ئەدا، دەسبەجێ قازی بڕیاری دا بە گرتنی ئەو پیاوەو کردیانە زیندانەوە، هەقەکەی منیشی گەڕاندەوە، ئەگەر ئەو مەڕانە مـردار نەبونایەتەوە منیش بە بەرتیل دەر دەرئەچوم و هەقەکەم بۆ نەدەگەڕایەوەو ئێستاش لە زیندانا بوم، مردار بونەوەی ئەو مەڕانە بۆ من بو بە خێرێکی گەورە، ئیتر چۆن پارەی مەڕەکان وەرئەگرمەوە!؟

پیاوەکە بۆی دەرکەوت کە لای مام عەولآ هیچی بەهیچ ناکرێ، بۆیە بە پەلەو هـەڵـەداوان بەرەو ماڵ گەڕایەوەو بە خزمەتکارەکەی خۆی ووت: ئەوە کەرەکەت بە کێ فرشت؟

خزمەتکار ووتی: بە کاک حەسەن

پیاوەکە ڕایکرد بۆ لای ماڵی کاک حەسەن و ووتی: کاک حەسەن ! خزمەتکارەکەی من پێرێ کەرەکەی منی بە تۆ فرۆشت؟

ووتی: بەڵێ

ووتی: دوای ئەوەی کڕیت یەکسەر مردار بویەوە، وایە؟

ووتی: بەڵێ خۆشبەختانە وایە.

پیاوەکە ووتی: خۆشبەختانەی چی؟ تۆ زەرەرت

کـردوه، ئەو کەرە هی من بوو، من ئەمزانی مردار ئەبێتەوە بۆیە فرۆشتم، ئێستا هاتوم پارەی کەرەکەت پێ بدەمەوەو گەردنم ئازا بکەی!

کاک حەسەن ووتـی: نەخێر برا یەک عانەشم ناوێ، ئەزانی بۆ؟

پیاوەکە ووتی: بۆ؟

کاک حەسەن ووتـی: پێرێ بڕیار بوو لە گەڵ برادەرەکانما بە سواری کەر بڕۆین بۆ سەفەر، من کەرم نەبو، ڕۆشتم بۆ مەیدانی ئاژەڵان و ئەو کەرەم کڕی، کەمێک پێش ئـەوەی گەشتەکەمان دەست پێ بکەین کەرەکەم تۆپی، بۆیە من بەجێمام و نەڕۆشتم، زۆرم خەفەت خوارد، برادەرەکانم هەمویان ڕۆشتن و شەویان بە سـەر هـات و توشی گەلە گورگێکی دڕندەو هار بوون، گورگ هەمو کەرەکانی خوارد و برادەرەکانیشم هەمویان بریندارن و لە نەخۆشخانەن و باری تەندروستیان ناجێگیرە، ئەگەر من کەرەکەم نەتۆپییایە ئەوا شەو گورگ ئەیخوارد و خۆشم بە سەختی بریندار ئەبوم، بەڵام ئێستا هەرچەند کەرەکەم تۆپیوە بەڵام خۆم ساغ و سەلیمم، ئێستا پیم بڵێ چەندێ پارەت ئەوێ بتدەمێ؟

پیاوەکە لە دڵی خۆیا ووتـی: نەخێر ئەمەشم نەیپێکا، بۆیە بە پەلە بـەرەو مـاڵ ڕایکرد و بە

خزمەتکاری ووت:

خزمەتکار! زوو پێم بڵێ ئەسەپەکەت بە کێ فرۆشت؟

خزمەتکار ووتی: بە کاک برایم

پیاوەکە بە پەلە ڕۆشت بۆ ماڵی کاک برایم وپێ ووت: کاک برایم بەسرپێرێ تۆ ئەسپەکەی منت کڕی؟

کاک برایم ووتی: بەڵێ، بۆچی؟

ووتی: ئەی دوای کڕین یەکسەر مردار نەبویەوە؟

کاک برایم ووتی: بەرەوەڵا لە خوا بەزیاد بێ یەکسەر مردار بویەوە! مەبەستت چیە؟

پیاوەکە ووتی: ئەوە ئەڵێی خۆشحاڵی؟

کاک برایم ووتی: زۆر زۆر!

پیاوەکە ووتی: کاک برایم! ئەو ئەسپی هی من بوو، من ئەمزانی مردار ئەبێتەوە بۆیە فرۆشتم، ئێستا پەشیمانم و ئەمەوێ پارەی ئەسپەکەت پێ بدەمەوەو گەردنم ئازا بکەی!

کاک برایم ووتی: نا نا! بە هیچ شێوەیەک من یەک قروشم ناوێتەوە، ئەگەر ئەتەوێ با پارەشت بدەمێ! ئەزانی بۆ؟ با پێت بڵێم: من ئەو ڕۆژە ئەمویست لە گەڵ برادەرێکما سەفەر بکەم، ئەسپیشم نەبو، ڕۆشتم بۆ مەیدانی ئاژەڵان و ئەو ئەسپەم کڕی، چونکە هەرزان بوو، تا هاتمەوە ماڵ ئەسپەکە مردار بویەوە، ئیتر منیش زۆر خەمبار بووم و لە سەفەرەکەم پەشیمان

بوومەوە، برادەرەکەم بە تەنیا سەفەرەکەی کرد و لەو دەشت و چڵانەدا دز و چەتە ڕێیان پێ گرت و ئەسپەکەیان برد و ئەوەندەشیان لێداوە خەریکە ئەمرێ، ئەگەر من ئەسپەکەم مردار نەبوایەتەوە ئەوا چەتەکان بە زۆر لێیان ئەسەندم و دارکارییەکی زۆریشیان ئەکردم و ئێستا کفت و کەلەلا ئەبوم، بۆیە من بەو بەشەی خۆم ڕازیم و پارەی ئەسپەکەم ناوێتەوەو ئەگەر ئەڵێی با هەندێکیتر پارەت پێ بدەم.

پیاوەکە ووتی: دەی برا من ئەمزانی ئەو ئەسپە مردار ئەبێتەوە کەچی فرۆشتم بە تۆ و پێم نەووتی کە مردار ئەبێتەوە، ئێستا توشی بەڵایەکی سەخت هاتوم و تۆ ئەتوانی ئەو بەڵایەم لە کۆڵ بکەیتەوە، پیاوی باش بە وەرە پارەی ئەسپەکە وەربگرەوە با منیش بەڵاکەم لە سەر لاچێ!

کاک برایم ووتی: کاکە گیان! بە ووتەی خۆت تۆ فێڵت لە من کردوە، بۆیە من ئامادە نیم پارەکەت لێ وەربگرمەوە، کێ ئەڵێ ئەمەش فێڵێکیتر نەبێ!!؟

پیاوەکە هەرچی هەوڵیدا بێسود بوو، بۆیە لە دڵی خۆیا ووتی: وا باشە بڕۆمەوە بۆ لای پیاوە چاکەکە بەڵکو کارێکم بۆ بکا، خۆ ئەو خەڵکە هەرچەند لە زمانی ئاژەڵان و باڵداران نازانن بەڵام هەمویان لە من ژیرترن، تا درەنگ نەبوە با فریای خۆم بکەووم



پیاوەکە بەرەو ماڵ بویەوە، کە گەشتە ماڵەوە کەڵەشێرەکەی بینی لە سەر دیواری حەوشەکەیان وەستاوە، پێی ووت: ئەی کەڵەشێری نەگبەت! ئەمانە هەمو تۆ بوی بە سەر منت هێنا، تۆ بۆ ئەوەندە قسە ئەکەی؟

کەڵەشێر ووتی: دەی من بڵێم چی؟ تۆ لە زمان و قسەی خۆتان پەند وەرناگری ئەتەوێ لە زمانی ئاژەڵان پەند وەربگری!؟

پیاوەکە باری تەندروستی تێک چوو، دای بەزەویداو ئێوە خۆش.



# (٤)
# ماسیخۆرەی تۆبەکار

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

لە کەنار دەریاچەیەکدا ماسیخۆرەیەکی پیر ئەژیا، لە بەر پیری نەیئەتوانی وەک جاری جاران ڕاوە ماسی بکا و زگی خۆی تێر بکا، هەمو ڕۆژێک بۆ ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی تەک و جومی لە خۆی ئەبڕی بۆ ئەوەی ماسییەکان لێی بمرۆشێنەوەو ئەویش بیانگرێ، بەڵام هەرکە ئەیەویست شاڵاویان بۆ ببا ماسییەکان بۆی دەرئەچون، ماسیخۆرەکە کەمە کەمە لە برسا لاواز ئەبو، لاشەی بێهێز ئەبوو، تێگەشت کە ئیتر ئەمە جاری جاران نیەو سەردەمی لاوی بەسەر چوەو توانای ڕاوی نەماوە، بۆیە بڕیاری دا کە کارو ئاکاری خۆی بگۆڕێ و ئەمجارە بە فێڵێکیتر دەست بکاتە ڕاو کردن.



ئا لە بەر ئەوە هاتە ئەو شوێنەی کە کاتی خۆی ڕاوە ماسی تیا ئەکرد و دانیشت و سەری خۆی شۆڕ کردەوەو دەستی کرد بە نزا کردن و پاڕانەوەو ئەیووت:

ـ خوایە! بمبەخشە، ئەم بەندە ڕووڕەشەی خۆت ببەخشە، خوایە! من بەزەییم نەهاتەوە بەو ماسییە بێتاوانانەداو هەمویانم ئەخوارد، بەڵام تۆ بەزەییت بە منی بێچارەدا بێتەوەو لێمخۆشبە!

ماسیخۆرەکە دەستی کرد بەم جۆرە نزاو پاڕانەوەو هەر بەردەوام بوو، دەنگیشی کەمەکەمە بەرز ئەکردەوە بۆ ئەوەی ماسییەکان گوێیان لێبێ، ماسییەک گوێی لە دەنگی ماسیخۆرەکە بوو، ئەبینێ ماسیخۆرە وەک جاری جاران ماسی ڕاو ناکات و لە کارو کردەوەکانی ڕابـردوی خۆی پاشگەز بوەتەوە پەشیمانە، بۆیە ماسییەکە غیرەتی دایە بەر خۆی و بەرەو ماسیخۆرەکە هات، دەبینێ ماسیخۆرەکە لا ناکاتەوە بەلایا و هەر خەریکی نزاو پاڕانەوەیە، ماسییەکە بانگی ماسیخۆرەی کرد ووتی:

+ ئەوە چی بوە؟ چیت بەسەرا هاتوە؟ بۆچی ئاوا بە کوڵ ئەگریت و ئەپاڕێیتەوە؟

ـ لێمگەڕێ! ئەگەر بەڵایەک لە ئاسمانەوە بۆم هاتبا ئەوە هیچ گلەیی و گازندەیەکم نەبو، بەڵام من خۆم بەڵام بۆ خۆم دروست کردوە، من ئیتر پیر بووم،

گوێیەکانم نابیسن، چاوەکانم کز بوون، ئەژنۆکانم ئەلەرزن، ئەوەندە لە گەڵ ماسییەکانا بە خراپی جوڵاومەتەوە کە ئێستا بەم سەری پیرییە نە کەس هاوڕێیەتیم ئەکا و نەکەس شەوێک لام ئەمێنێتەوە، هەمو کەسێ ئەزانن کە من باڵندەیەکی تاوانبارو خراپەکارم، هەمو ماسییەکان لێم ئەترسن، ئێستا من خۆم ئەزانم ژیانم بەرەو ئاوا بوون ئەچێ بۆیە لە کارو کردەوە خراپەکانی خۆم پەشیمانم و داوای لێبوردن لە خوا ئەکەم.

ماسییەکە بەزەیی بە ماسیخۆرەکەدا ئەهاتەوەو لەولایشەوە ئەیزانی کە قسەکانی ڕاستەو ستەمێکی زۆری لە ماسییەکان کردوە بۆیە ووتی:

+ ڕاست ئەڵێی، زۆر دەرهـەق ماسییەکان زۆر ستەمکار بوی، تا گەنج بووی وات ئەزانی ئەبێ هەر خەریکی زگ پڕکردن بی و ئیتر بەزەیی و دڵسۆزییەک لە ئـارادا نەبوو، بۆ باڵندەکانیتر وەک تۆ نین؟ ئەوە تۆ جگە لە ماسی هیچیترت دەست نەئەکەوت وا ئەهاتی و ئەو هەموە ماسییە داماوەت ڕاو ئەکرد؟! بەڵام ئێستاش نەچوە بچێ، ئەگەر بە ڕاست پەشیمانی و داوای لێبوردن لە خوا ئەکەی ئەوا خوا بەخشندەیەو لێت ئەبورێ!

- بەڵێ ڕاستە خوا لێبوردەیەو لە مافەکانی خۆی



ئەبورێ، بەڵام لە مافی ئەو هەموە ماسییە نابورێ ئەبێ ئەوان لێم ببورن پاشان خوای گەورە لێم ئەبورێ! من بەرامبەر ماسییەکان زۆر خراپەکار بووم، ئێستا ماسیگەلێکی زۆر لەم دەریاچەیەدا ئەژین کە من کوڕ یا کچ یا خزمێکی نزیکی ئەوانم خواردوە، ئەوانە لە من نابورن، من ئەترسم گەردنم ئازا نەکەن و لە ڕۆژی قیامەت و پەسلانا گرفتار ببم!

+ دەی ئێستا ئتەوێ چی بکەی، خۆ ناتوانی ماسییە مردوەکان زیندو بکەیتەوە؟

ـ منیش بۆ ئەوە نەهاتوم بمەوێ ماسییەکان زیندو بکەمەوە، هاتوم پەیامێک بە گوێی ماسیەکانا بدەم و هەمویان لێرە کۆ ببنەوەو من داوای لێبوردنیان لێبکەم، ئەگەر ئەوان لێم ببورن منیش ئەچم لەو دەشت و دەرە ئەوەندە گەنم و برنج و دانەوێڵەیان بۆ کۆ ئەکەمەوە تا هەمویان تێر ئەبن، بەڵکو کەمێک لەو مافانەی کە بەر سەر منەوە هەیانە سوک ببێ، ئەمەوێ پێشوو چەندە خراپەکاریم کردوە ئێستا ئەوەندە چاکەکاری بکەم!

ماسی بڕوای بە قسە لوسەکانی ماسیخۆرە کردو و ووتی:

+ دەی زۆر باشە! هەر ئێستا من بە پەلە ئەڕۆم و هەمو ماسییەکان ئاگادار ئەکەمەوەو وەڵامەکەت بۆ

دێنمەوە!

ماسییەکە لییدا ڕۆیی و چەند ماسییەکی بانگ کرد و ووتی:

+ ماسیخۆرەکە هاتوە ئەیەوێ داوای لیبوردنمان لێ بکات و خوێنی کەس وکارمان ببژێرێ و ئیتر ستەممان لێ نەکا، وەرن با بڕۆین و مافی خۆمانی لێ بسەنینەوە!

ماسییەکان ووتیان:

= ئەگەر ڕاست بکاو ئیتر واز لە ڕاوە ماسی بهێنێ ئەوە کاریکی باشە! بەڵام ئەستەمە کەسێک تەمەنێ خراپەکاری کردبێ و ئیستا بە سەری پیری بە ڕاستی پەشیمان بێتەوە، ماسیخۆرە هەر ماسیخۆرەیەو ناگۆڕێ، بۆیە ئیمە بروا بە قسەکانی ناکەین!

+ نە بایە! ئێوەش با ئەوەندە دڵتان پیس نەبێ و ئەوەندە ڕق لە دڵ مەبن، ئەو بێچارەی داماوە تۆبەی کردوە، ئەگەر ئێمە لێی خۆش نەبین دووبارە ئەکەوێتەوە سەر بەزمەکەی پێشوی و ڕاوە ماسی ئەکا و هەمومان ئەخوا، ئەو کاتە ئیتر تاوانی خۆمان لە ئەستۆی خۆمانە، ئەو هەنگاوێکی بۆ ئاشتی هەڵگرتوە با ئێمەش هەنگاوێک بەرەو ئاشتی بڕۆین!

= نا ماسیی لاوو بەڕێز! تۆبە کاتیک تۆبەیە کە ئەو کەسە هێزی خراپەکاری هەبێ بەڵام تۆبەی لی

بکاو نەیکا، ئەگینا دوای ئەوەی هیچ توانایەکی نەماو بڵێ: تۆبە! ئەوەی کەی تۆبەیە؟ ئەوە جۆرە فێڵێکە! ئەو ئەیەوێ بەو فرو فێڵە ڕاو بکا، ئەیەوێ بە سەر تۆبەکارییەوە نان بخوا!

+ ئێستا ئەگەر هەمومان کۆ ببینەوەو بچین بۆ لای ماسیخۆرەو ئەویش داوای لێبوردن بکا چ عەیبێکی هەیە؟

= عەیبەکەی لەوەدایە ئێمە بڕوامان بە قسەکانی نیەو وا ئەزانین ئـەوە جـۆرە فێڵێکە! ئەو ئەیەوێ هەمومان کۆ بکاتەوەو بمانخاتە نێو داوەوە، ئەگەر تۆش ئەوەندە بەو قسە لوسانەی ئەو دڵخۆشی و دڵت بۆی ئەسوتێ بڕۆ پێی بڵێ:

ماسییەکان ئەڵێن: تۆبە کردن ئەو هەموە قسەو قسەکردنەی ناوێ، ئەگەر ڕاست ئەکەی و تۆبەت کردوە ئیتر هەتا ماوی ڕاوە ماسی مەکە ئێمەش هەر کەسەو لە لایەن خۆیەوە گەردنت ئازا ئەکەین! ئەو گەنم و جۆ و برنجەش کە ئەتەوێ بۆ ئێمەی بهێنی خۆت بیخۆ با لە برسا نەمری و بڕۆ بە دەم کاری خۆتەوە!

ماسییەکە زۆر دڵی بۆ ماسیخۆرە تەنگ بوو، گەڕایەوە بۆ لای ماسیخۆرەو پێی ووت:

+ من ڕۆشتم و پەیامەکەی تۆم پێ ڕاگەیاندن، ڕاستیەکەی ماسییەکان باوەڕیان بە قسەکانی تۆ نیە،

ئەڵێن: ئەگەر ڕاست ئەکا چیتر ڕاوە ماسی نەکاو واز لە ئێمە بێنێ و ئێمەش گەردنی ئازا ئەکەین و ئیتر پێویست بە کۆبونەوە ناکا!

ماسیخۆرە دەستی کرد بە گریان ووتی:

- دەبینی من چەند سیاچارەم! ئێستاش کە تۆبەم کردوە کەس بڕوام پی ناکا، من ئەم دەردە دڵەی خۆم لای کێ بکەم و بڵێم: ئەو خەڵکە تەنانەت بەزەییان بە پیرێکی تۆبەکارا نایەتەوە؟ ئەی هاوار لە دەست ئەم چەرخ و زەمانە! کەس بڕوا بە قەسی کەس ناکا! ئەبینی خەڵک چەندە بێ ویژدان بوە؟ ئەوان خۆیان ئەزانن کە من توانای ئازاردانی کەسم نەماوە کەچی نایەن دوو کەلیمە قسەم لە گەڵا بکەن و گفت وگۆیەک بکەین و لە یەک تێبگەین!

+ ڕاست ئەکەی! من تا ئێستا نەمبیستوە هیچ ماسیخۆرەیەک ئەوەندە ڕێز لە ماسیەکان بگرێ و وەک تۆ داوای لێبوردنیان لێ بکا! دیارە کە نێتی خراپت نیە، بەڵام ئیتر ئەڵێی چی پەندێکی کوردی هەیە ئەڵێ: ئەو کەسەی مار گەستویەتی لە گوریسی ڕەش و سپی ئەترسێ! ئەوانیش گەزراوون بۆیە ئاوا ئەترسن!

- وادیارە تۆ ماسییەکی تێگەشتوو ژیری! باش لە دەردە دڵی من تێئەگەی، ئەگەر هەمو ماسییەکان وەک تۆ ژیر بان ئێستا دونیا دونیایەکیتر بوو، ئێستە بۆ

ئەوەی ماسییەکان دڵنیا بن وەرە من لای تۆ سوێند ئەخۆم کە نێتی خراپم نیەو ئەمەوێ ئاشت ببینەوە، سوێند بێ من نێتی خراپەم نیە! تەنیا ئەمەوێ گفت وگۆیەکیان لە گەڵا بکەم بۆ ئەوەی دڵم ئارخەیان بێ و ئیتر ئەو گرییەی لە سەر نەمێنێ!

+ من پەیماەکەی تۆم بۆ بردن بەڵام ئەوان تەنانەت لە شکڵ و شێوەی تۆش ئەترسن! لە ملی بەرزت، دەنوکی درێژت،

ئێستا من چی بکەم؟ ئەوان ئەڵێن: ئێمەو ماسیخۆرە دژی یەکێن! هەرکەس کەمێک ژاوەز و ژیری هەبێ لە گەڵ دوژمی خۆیا دانانیشێ، خۆ ئەگەر ماسیخۆرە ئێستا تۆبەکەشی بەڕاستی بێ کێ ئەڵێ سبەینێ و دوو سبەینێ پەشیمان نەبێتەوەو هەمومان نەکا بە یەک پارو؟

- باشە! تۆ ماسییەکی ژیرو بە ویژدانی، با من و تۆ ڕێکەوتنێک بکەین، تۆ بڕۆ ئا لەو ناو ئاوە ڕیشاڵەیەکی درێژ بێنتەو ملی منی پێ ببەستەوەو کارێک بکە ئەگەر من ماسیش بخۆم لە گەروم نەچێتە خوارەوە با ئیتر ماسییەکان بڕوا بکەن و بێن و قسەی خۆمان بکەین!


+ زۆر باشە قسەکەت تەواوە هەر ئێستا ئەیهێنم!
ماسی رۆشت و ڕیشاڵێکی درێژی هێنا بۆ ئەوەی

ملی ماسیخۆرەی پێ ببەستێ و نەتوانێ ماسی قوت بدا، بە ماسیخۆرەی ووت:

+ ملت بێنە با بیبەستم!

ماسیخۆرەش بە دەرفەتی زانی و ماسییە داماوەکەی گرت و کردی بە یەک پاروو ووتی:

- ئـەوەش لە ڕاوی ئـەمڕۆ! بەڵکو سبەینێش ماسییەکی بێ عەقڵم چەنگ بکەوێ و بڕوام پێ بکا و بیخۆم!.



# (٥)
# سێ فیلەکە

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

جارێک لە دارستانا ڕەشەبایەکی زۆر بەهێز هەڵیکرد، بارانێکی زۆریش باری، بە کورتی زریانێکی زۆر توند دەستی پێکرد، لقی دارەکان شکان، خانوی ئاژەڵەکان ڕوخان، هەرچی خواردن لە دارستانا هەبو هەموی بەر لافاو کەوت و ئاو بردی، ئەوەش کە مابو هەموی قوڕاوی ببو، سێ فیل لەو دارستانەدا ئەژیان، ناویان قەندیل و عەنتیل و زەنجیل بوو، ئەم سێ فیلە سەیری خانوە روخاوەکەی خۆیان ئەکرد و ئاخیان هەڵئەکێشا، زۆری نەبرد زەنجیل دەستی کرد بە گریان، قەندیلی برا گەورەیان قۆرتمێکی هێنا بە سەریاو دڵی دایەوەو ووتی:

- زەنجیل گیان مەگری! بۆچی ئەگریت؟

+ ئەی نابینی چیمان لێ قەوماوە! ماڵەکەمان بەر

لافاو کەوت، بەم سەرمایە لە کوێ بژین و بحەسێینەوە؟
تازە ژیانمان تێک چوەو ناخۆش و گران بوە!

- ڕاست ئەکەی زەنجیل گیان! ئەم کارەساتە ناخۆشە، بەڵام با پرسیارێکت لێ بکەم

+ فەرمو کاکە گیان!

- ئەم خانوەی کە ئێستا لافاو بردویەتی کێ دروستی کرد؟

+ کاکە گیان خۆمان دروستمان کرد

- دەی پشت بە خوا سەرلەنوێ خانویەکی باشتر و جوانتر دروست ئەکەینەوە

زەنجیل کەمێک هاتەوە سەرخۆو دەم وچاوی گەشایەوەو ووتی:

+ راست ئەکەی کاکە گیان! بەڵام ئەبێ هەمو هێز و توانای خۆمان بخەینە گەڕ

- زەنجە گیان ژیان بەو ئاڵۆزی و ماندوبون و چاوەڕوانییەوە خۆشە!

زەنجیل تەواو گەشایەوەو بزە کەوتە سەر لێوەکانی و قورتومەکەی قنج کردەوەو ووتی:

+ دەی ناوی خوای لێ بێنن و با دەست پێ بکەین

هەر سێ فیلەکە کۆ بونەوەو نەخشەی کاریان دارِشت و کارەکانیان بەش کرد، قەندیل ووتی:

- پیویستە سەرەتا هەمو کەرەستە پێویستەکان

دیاری بکەین و پاشان ئامادەیان بکەین

عەنتیل ووتی:

× بریکی زۆر بەردمان ئەویَ بۆ ئەوەی بیکەین بە دیوار، من بەردەکان ئامادە ئەکەم

- بڕیکیش کاریتە و داری باشمان ئەویَ بۆ کۆڵەکەو سەر و بنمیچی خانوەکە، من دارەکان ئەهێنم، دوایی ڕوی کردە زەنجیل و ووتی: زەنجە گیان تۆ چی ئەکەی و چی ئەهێنی؟

+ نازانم!

- تۆ چیمەنتۆ بێنە

+ باشە بە سەرچاو!

فیلەکان هەریەکە بۆ جێبەجێ کردنی کارەکەی خۆی کەوتە ڕێ، قەندیل ڕۆشت بۆ دارستان و کۆمەڵێک کرێکاری بینی کە داریان ئەبڕی، رۆشت بۆ لای ئەو کرێکارانەو ووتی:

- سڵاوتان لێبێ!

+ سڵاو سەرچاو فیلی میهرەبان! چێت ئەوێ؟

- با سەرەتا خۆم بناسێنم، من ناوم قەندیلە،

دوایی قەندیل چیرۆکەکەی بۆ کرێکارەکان گێڕایەوەو پێی ووتن کە ئەو ئەرکی دار هێنانی لە سەرە

کرێکارەکان ووتیان:

+ دەی لە جیاتی ئەو دارانە چیمان پێ ئەدەی؟



- من پارەو شتم نیە، جیاتی پارە کارتان بۆ ئەکەم و لە جیاتی کرێی کارەکە دارم پێ بدەن!

کرێکارەکان ووتیانک باشە، کێشە نیە

قەندیلیش وەک کرێکارەکان زۆر بە باشی کاری ئەکرد و جیاتی کرێی کارەکە داری وەرئەگرت، دوای ئەوەی بە ئەندازەی پێویست داری کۆ کردەوە کرێکارەکان بە سەیارە دارەکانیان بۆ بردەوە بەردەم ماڵەوە

عەنتیلش بەرەو کانە بەرد ڕۆشتبو، ئەویش وەک قەندیل کاری بۆ سەرۆکی کرێکارەکانی نێو کانە بەرد کردبو و جیاتی کرێ بەردی باشی وەرگرتبو، کرێکارەکانیش بە سەیارە بەردەکانیان بۆ عەنتیل هێنایەوە، بەو جۆرە قەندیل و عەنتیل زۆر بە باشی کاری خۆیان ڕاپەڕاند، کاتێ گەڕانەوە ئەبینن زەنجیل هێشتا هەر لە جێگای خۆیەتی و نەجوڵاوەو هیچی بە هیچ نەکردوەو تەنانەت یەک کیسە چیمەنتۆشی پەیدا نەکردوە!!

قەندیل ووتی:

- ها زەنجە گیان! کوا چیمەنتۆ؟ بۆ هیچت نەهێناوە؟

+ هەر ئێستا ئامادەی ئەکەم

زەنجیل ڕۆشت و پاش کەمێک بە عەرەبانەیەک چیمەنتۆ گەڕایەوەو ووتی:

+ ئەوەش چیمەنتۆ! دەی یەڵلا با دەست بکەین بە کار!

عەنتیل زۆر سەری سوڕما ووتی:

× زەنجیل گیان ئەوە چۆن ئەوەندە خێرا ئەو هەموو چیمەنتۆیەت هێنا!؟

+ ڕۆشتم بۆ لای ئەو کرێکارانەو ووتم چیمەنتۆم پێ بدەن، ئەوانیش داوای پارەیان کرد، منیش بە قورتۆمەکەم ئەوانم ڕاو ناو کردم بەم عەرەبانەداو هێنام!!

قەندیل و عەنتیل بە بیستنی ئەو قسەیە تەواو توڕە بون و ووتیان:

- × ئەی دزی ناقۆڵا! چیمەنتۆی خەڵک ئەدزی و ئەتەوێ بیکەی بە خانو!؟ ئێمە چۆن لە خانوێکا ئەژین کە بە چیمەنتۆی دزێنی چاک کرابێ؟

زەنجیل ووتی:

+ ئاخر برا ئێمە جارێ لە باری نا ئاساییدان و ئەبێ کارەکانمان بە خێرایی جێبەجێ بکەین!

- هێی زەنجەی ناقۆڵا! باری نائاسایی ڕەوایی نادا بە دزی کردن، دزی هەر دزییە!

دوایـی قەندیل و عەنتیل هەمو چیمەنتۆکەیان بردەوە بۆ خاوەنەکەی و داوای لێبوردنیان لێکرد کابرای خـاوەن چیمەنتۆش ئەوانی بەخشی و

ووتی: کێشە نییە، نیوەی چیمەنتۆکەتان بە خۆڕایی پی ئـەدەم، بـەڵام ئەبێ لە جیاتی ئەو نیوەکەیتر زەنجیل کارم بۆ بکا، ئەوانیش ووتیان: باشە، ئیتر زەنجیلیان لای پیاوەکە بەجێهێشت و زەنجیل بە ناچاری دەستی کرد بە کرێکاری، دوای تەواو بونی کرێکارییەکەی زەنجیل هەر سێ فیلەکە دەستیان کرد بە نوێ کردنەوەی خانوە ڕوخاوەکەی خۆیان و سەر لەنوێ چاکیان کردەوەو باری نائاسایی بە سەر چوو.



# (٦)
# سالانی تەمبەڵ

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

لە دارستانێکا مەیمونێکی تەمەڵ ئەژیا، بەیانییان هەڵئەسا ئەچو بە دوای خواردنا ئەگەڕا، مەیمونەکە زیاتر گوێزی هیندی و مۆزی ئەخوارد، بەیانییان ئەڕۆشت و ئێواران خواردنەکەی ئەهێنایەوەو لە ماڵ ئەیخوارد و پاش خواردن کەمێک پشوی ئەداو دوایی ئەڕۆشتە دەرەوە لە گەڵ هاوڕێکانیا یاری ئەکرد، بەمجۆرەیە ژیانی بە خۆشی بەڕێ ئەکرد.

مەیمونەکە بۆ ئەوەی گوێزی هیندی دەسکەوێت دەبو بەو دارە بڵندانەدا سەرکەوێ، پاشان ئەڕۆشت بۆ لای ڕوبارەکەو ئاوی ئەخواردەوەو کەمێکیش ئاوی لە گەڵ خۆیا ئەهێنایەوە بۆ ئەوەی شەو لە ماڵ بیخواتەوە.

ڕۆژێک بارانێکی بە لێزمەو خوڕ باری، چاڵاوەکانی نێو دارستان پڕ بوون لە ئاو، زریان و ڕەشەبا زۆربەی





لق وپۆپی دارەکانی شکاندەوەو میوەکان کەوتنە سەر زەوی .... وەک هەمو بەیانییەکانیتر مەیمونی تەمەڵ بە مەبەستی خواردن پەیدا کردن لە ماڵ هاتە دەر، تەماشای کرد لە چاڵاواکەی نزیک ماڵی خۆیانا ئاوێکی زۆر وەستاوەو کۆ بوەتەوە، مەیمونەکە هەندێ ئاوی لێ خواردەوەو هەندێکیشی بردەوە بۆ ماڵ، پاشان سەیر ئەکا کە میوەیەکی زۆر کەوتوەتە سەر زەوی، بڕێکی زۆر میوەی کۆ کردەوەو بردیەوە بۆ ماڵ بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێک لە ماڵ نەیەتە دەرەو هەر خواردن بخوا، ئەو ئاوو میوانەی کە کۆی کردبونەوە بەشی یەک حەفتەی کرد، مەیمونەکە یەک حەفتە لێی پاڵکەوت و هەر ئەیخوارد و ئەیخواردەوەو ئەخەوت. دوای تەواو بونی میوەکان مەیمونەکە لە ماڵ هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی میوە کۆ بکاتەوە، لە ڕێگەدا چاوی بە هەندێ کرێکار کەوت کە گوێز هندی کۆ ئەکەنەوە، مەیمونەکە ڕۆشت بۆ لای کرێکارەکان و ووتی:

- سڵاوتان لێبێ

+ سەلام سەرچاو! بە خێربێی

- من ناوم (سالان)ـە ، ئەمەوێ هەندێ گوێز هیندیم پێ بدەن!

+ باشە کێشە نییە، چەندت ئەوێ ببە

سالان پڕی باوەشی خۆی گوێز هیندی برد و ڕۆشتەوە بۆ ماڵ، بۆ ماوی یەک حەفتەی تر هەر لەماڵەوە ئەیخوارد



و ئەخەوت، دوای ئەوەی بۆ جاری دووەم خواردنی لێبڕا دیسان هاتە دەرەوە بۆ کۆ کردنەوەی خواردن، چونکە دوو هەفتە هەمو کارێکی هەر خواردن و خەوتن بو تەواو تەمەڵ ببو، نەیئەتوانی بە سەر دارەکانا سەرکەوێ، کاتێ هاتە دەرەوە و بە دوای خواردنا گەڕا تەماشای کرد کرێکارەکان بڕێکی زۆر گوێز هیندییان لێ بە جێ ماوە، بەڵام هەموی گەنیبو، سالان ئەو گوێز هیندییە گەنیوانەی هەڵگرت و بەرەو ماڵ ڕۆشتەوەز

بەیانییەک سالان لە ماڵ هاتە دەرەوەو چاوی بە مەیمونێکی هاوڕێی کەوت

- شادی سڵاو چۆنی؟

+ سەرچاو سالان تۆ چۆنی

شادی بڕێکی زۆر میوەی تازەو خاوێنی پێبوو، سالان ووتی:

- شادی ئەوە ئەو هەموە میوە تازەو جوانەت لە کوێ بوو؟ خۆ میوەکانی من هەمویان گەنیوون!

+ چۆن شتی وا ئەبێ! خۆ دارەکان ئەوەندەیان میوە گرتووە مەپرسە! ئەتوانی بە ئارەزوی خۆت کام میوە جوان و تازەیە ئەوە لێکەیتەوە! بۆچی میوەی کۆن و گەنیووت لایە؟

- ئاخر نەمتوانی بە دارەکانا سەرکەووم، نەمویست خۆم ماندوو بکەم!

+ دەی ئەگەر وایە خواردن لە کوێ ئەهێنی؟

- پاشماوەی کرێکارەکان کۆ ئەکەمەوە!

+ وای! یانی ئەو میوە گەنیوانە کە ئەوان فڕێی ئەدەن و نایانەوێ ئەوانە ئەخۆی!؟

- بەڵێ!

+ نابێ! باشتر وایە خۆت بە دارەکانا سەرکەوی و کام میوە تازەو جوانە ئەوە لێبکەیتەوەو بیخۆی

- ئاخر ئەو کارە زەحمەتی زۆرەو گرانە! منیش ناتوانم بە ارا سەرکەووم!

+ دەی کەوابێ باسی میوەی تازەو جوان مەکەو بڕۆ هەر میوەی گەنیو بخۆ!!

سالان بڕێکیتر میوەی گەنیوی بردەوە بۆ ماڵ و لە بەر ئەوەی ئەوەندە تەمەڵ بو و نەیئەتوانی بە دارەکانا سەرکەوێ هەر میوەی کۆن و گەنیوی ئەخوارد، تا ڕۆژێک ئەوەی کە سالان چاوەڕێی نەدەکرد قەوما! سالان باری تەندروستی تەواو تێک چوو، هەمو گیانی ئەلەرزی، بە باشی توانای قسەکردنی نەمابوو، ئەوەش هۆکاری خواردنی میوەو کۆن و گەنیو بوو.

ڕۆژێک سەگێکی دراوسێی سالان بە مەبەستی سەردان ڕۆشت بۆ ناڵی سالان، کاتێ سالانی بەو جۆرە بینی زۆر خەمبار بوو، ووتی:

+ سالان ئەوە چیت لێ قەوماوە؟ بۆ وا نەخۆشی؟

- نازانم، زۆر بێهێز و ناساغم!

+ باشە خۆ تۆ خواردنی باش ناخۆی؟



ـ نەخێر خواردنی باشی چی! من تەنیا میوەی کۆن و گەنیو ئەخۆم!

+ لە بەر چی؟ خۆ دارستان پڕیەتی لە میوەی تازەو خۆش، بەڵام وا ئەزانم تۆ تەمبەڵی و ناتەوێ کەمێک خۆت ماندو بکەی، ئەتەوێ هەر بخۆیت و بخەوی، ئەوەش ئەنجامی تەمەڵییە!

ـ باشە سەگی هاوڕێ وەختی ئەو سەکۆنەو گازندانە نیە، بەڵکو بمبەی بۆ لای پزیشک با چارەسەرم بکا

+ پزیشکی ناوێ من ئەزانم چارەسەری تۆ چیە!

ـ دەی بیڵێ بزانم چیە؟

+ بڕۆ بە سەر ئەو دارە بەرزانەدا سەرکەوەو میوەی تازە بهێنە بیخۆ و کەمێک خۆت ماندو بکە ئیتر باش ئەبیتەوە

سالان بڕیای دا ئیتر تەمەڵی نەکات و لە پێناوی تەندروستی خۆیا کەمێک خۆی ماندو بکا، لەو ڕۆژە بەدواوە سالان خۆی ماندو ئەکرد و بە دوای میوەی تازەو پاک ئەگەڕا هەر میوەیەک پاک و تازە نەبوایە نەیدەخواردەوە، هەر ئاوێک تەواو خاوێن نەبوایە نەیدەخواردەوە، بۆیە باری تەندروستی تەواو جێگیر بویەوەو وەک جاری جاران تەندروستی بۆ گەڕایەوە.



# (٧)
# سەگە نەخۆشەکە

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو.

سەگێکی لاواز و نەخۆش لە کەنار دارستانا ئەژیا ، ئەم سەگە هیچکەسی نەبو ، نە باوک نە دایک نە خوشک و برا ، ئاژەڵەکانیتر بە چاوێکی سوکەوە تەماشایان ئەکرد ، کەس هاوڕێیەتی نەدەکرد ، گوێیان پێ نەدەدا

ڕۆژێک لە بەردەم ماڵی سەگە نەخۆشەکەدا مەیمون و کەرگەدەن بە یەک گەیشتن و مەیمون ووتی:

- هێی کەرگەدەن چۆنی؟ ئەوە چۆنە وا هاتویتە ئێرە؟

+ سەرچاو مەیمونی جوان! ئەمەوێ کەمێک وەرزش بکەم ، ویستم بچمە دەرەوەی دارستان ، ئێرە کەمێک چۆڵەو بۆ وەرزش کردن باشە!

- بیرۆکەیەکی جوانە!



سەگەکە گوێی لە گفت وگۆی نێوان مەیمون و کەرگەدەن بوو، ویستی بڕواتە دەرەوە بزانی دەنگوباس چیە؟ مەیمون چاوی بە سەگ کەوت و ووتی:

- سەگە چۆنی؟ دەنگوباست؟

سەگەکە لە خۆشیا بە دەنگی بەرز هاواری کرد ووتی:

× سەرچاو مەیمونی جوان و خاوێت! تۆ چۆنی؟

بەڵام کەرگەدەن گوێی بە سەگەکە نەداو ئاوڕی لێ نەدایەوەو لە مەیمونی پرسی:

+ ئەوە چیە وا قسە لە گەڵ ئەم سەگە نەخۆشەدا ئەکەی! ئەوە کەی شایانی ئەوەیە قسەی لەگەڵا بکەی!؟

- نا کەرگەدەن وا مەڵێ! ئەوە هەرچییەک بێ خۆ دراوسێی خۆمانە! دانیشتوی ئەم دارستانەیە!

+ ئاخر ئەوە سەگێکی نەخۆش و لاوازەو تازە بڕوا ناکەم چاک ببێتەوە!

- وا مەڵێ، ئێمە ئەبێ دراوسێیەکی باش بین، ئەمڕۆ ئەو سەگە پێویستی بە ئێمەیە، لەوانەیە سبەی تۆ پێویستت بەو سەگە بێت!

کەرگەدەن بەو قسەیە تێر پێکەنی، ئەوەندە پێکەنی کە هەمو گیانی ئەلەرایەوە، بە دەم پێکەنینەوە ووتی:

+ چی؟ من پێویستم بەو سەگە داماوە هەبێ! ئەوە مەیمونی ژیر چیت لێ قەوماوە؟

مەیمون قسەی بە کەرگەدەن بڕی و ووتی:
ـ دەی هەرچۆنێ بێ کەس نازانێ سبەی چی ڕو ئەدا!
کەرگەدەن گەڕایەوە بۆ ماڵی خۆیان، دوای ئەوەی کەمێک پشوی دا دیسان لە ماڵ هاتە دەرەوەو چاوی بە گورگ کەوت، کەرگەدەن بە گورگی ووت:
+ جەنابی گورگ بوەستە! ئەتەوێ کەمێک پێبکەنی؟
= بەڵێ! ئادەی بڵێ بزانم چی ڕویداوە؟
کەرگەدەن بە فیزێکەوە ووتی:
+ کورە تۆ پێت وایە کەرگەدەنێکی بەهێز و گەورەی وەک من ڕۆژێک ئاتاجی ئەو سەگە لاوازە نەخۆشە بم!؟
گورگ تێر پێکەنی و پەنجەی بەرەو کەرگەدەن ڕاکێشاو بە دەم پێکەنینەوە ووتی:
= تۆ ئاتاجی سەگە نەخۆشەکە بی؟ هەرگیز شتی وا نابێ!!
کەرگەدەن لێیدا ڕۆشت و ئەگەشت بە هەر ئاژەڵێک چیرۆکی نێوان خۆی و مەیمون و سەگی بۆ ئەگێڕایەوەو تێر پێئەکەنین و گاڵتەیان بە سەگەکەو قسەی مەیمونەکە ئەکرد
شەوێک سەگە نەخۆشەکە لە دەنگە دەنگی ئۆتۆمۆبیلێک بە ئاگا هات، کۆمەڵێک ڕاوچی دابەزین، بە یەکەوە گفت وگۆیان ئەکرد، یەکیان ووتی: ئەمشەو

هەنوو، ئەنوو

چی ڕاو بکەین؟
یەکێکیتریان ووتی: هەر ئاژەڵێک بێ هەر باشە، جیاوازی نیە
ڕاوچییەکیتر ووتی: نا کاتمان کەم لە بەردەستایە، جێگەشمان نیە هەمو ئاژەڵێک لە گەڵ خۆمانا ببەینەوە، تەنیا جێگەی یەک دوو ئاژەڵمان هەیە
ڕاوچییەکیتر ووتی: واباشە ئەمشەو کەرگەدەنێک ڕاو بکەین، هەم قەڵەوە هەم پارەی باش ئەکا!
یەکێکیتریان ووتی: باشە دواتر دێینەوەو مەیمونێکیش ڕاو ئەکەین ئەیفرۆشین بە باخچەی ئاژەڵان!
سەگە نەخۆشەکە لە دڵی خۆیا ووتی: پێویستە هەمو ئاژەڵان لە خەو هەستێنم، بەڵام کات زۆر کەمە، نازانم لە کێوە دەست پێ بکەم، بڕۆم کەرگەدەن بە ئاگا بێنم یان مەیمون؟
سەگەکە لە ماڵ هاتە دەر، چاوی لە ڕاوچییەکان بوو بەرەو ناو دارستان ئەهاتن، بۆیە بە پەلە بەرەو ماڵی مەیمون ڕایکرد و لە خەو هەڵیساند، مەیمون و سەگ بە هەمو هێزی خۆیانەوە ڕایان کرد و دوور کەوتنەوە، ڕاوچییەکان هاتن و ڕۆشتنە ماڵی مەیمون بۆ ئەوەی بیگرن، بەڵام مەیمون لە ماڵ دەرچوبو... بۆیە ڕویان کردە ماڵی کەرگەدەن، کاتێ کەرگەدەن بە

ئاگا هات ئەزانێ لە ناو تۆڕی ڕاوچییەکانایە، بۆیە زۆر خەمبار بوو، ڕاوچییەکان کەرگەدەنیان هەڵگرت و خستیانە نێو ئۆتۆمۆبیلەکەوە.

بەیانی ئاژەڵانی دارستان هەمویان زانییان کە کەرگەدەن ڕاو کراوە، لە نێو خۆیانا باسیان ئەکرد، ئاسک ووتی:

دوێشەو ڕاوچییەکان هاتونەتە نێو دارستان.

زەڕافە ووتی: چییان ویستوە؟

ئاسک ووتی: مەیمونێک و کەرگەدەنێکیان ویستوە

زەڕافە ووتی: خۆ کەرگەدەنیان ڕاو کرد، خۆزگە چۆن مەیمونیان لە دەست دەرچو

ئاسک ووتـی: سەگە نەخۆشەکە کەمێک پێش ئەوەی ڕاوژییەکان بگەنە سەری بە ئاگای هێناوەو ڕایان کردوە

دوای ئەوە هەمو ئاژەڵان ڕویان کردە ماڵی سەگە نەخۆشەکەو داوای هاوڕێیەتییان لێ ئەکرد

مەیمون ووتی: ئەی من نەمگووت هەرگیز گاڵتە بە ئاژەڵی لاواز مەکەن؟ ڕۆژێک دێت ئاژەڵی لاوازیش سودی خۆی هەبێ.



# (٨)
# بۆچی کۆتر دەنوکی هەیە

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

لە دارستانا کۆترێکی دایکانە بە سەر هێلکەکانیا نیشتبوو بۆ ئەوەی بیانکا بە بێچو، دوای چاوەڕوانییەکی زۆر ڕۆژێک هێلکەکان تروکان و دوو بێچوە کۆتر لە هێلکەکان هاتنە دەرێ، کۆتری دایکانەو کۆتری باوکانە بە بینینی بێچوەکانیان زۆر خۆشحاڵ بوون، لە خۆشیا خەریک بوو شاگەشکە بن.

لەو ڕۆژە بە دواوە ئیتر کۆتری دایکانە دانەدەنیشت، بەڵکو ئەویش وەک کۆتری باوکانە ئەڕۆشتە دەرەوە بۆ پەیدا کردنی خواردن بۆ بێچوەکانی.

بێچوەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەورەترو گەورەتر ئەبون، تا وایان لێهات کە پێویست بوو ئیتر ئەوانیش وەک دایـک و باوکیان پێویست بێ بفڕن، چونکە



بێچوەکان گەورە ببون و هێلانەکەیان جێگەی هەمویانی نەدەکردەوە، بۆیە دەبو بێچوەکان فرینی فڕین ببن و خۆیان نزیک لە دایک و باوکیان هێلانە دروست بکەن و تیایا بژین.

کۆتری دایکانەو کۆتری باوکانە دەستیان کرد بە وانە بێژی وانەی فڕین بە بێچوەکان، بەڵام بێچوەکان ئەترسان، لە بەر ئەوە کۆتری دایکانەو باوکانە هانی بێچوەکانیان ئەدان و بە قسەی خۆش و میهرەبانی بێچوەکانیان ڕائەهێنا بۆ ئەوەی بە زوترین کات فێری فڕین ببن.

دوای ڕاهێنان کۆتری دایکانە وانـەی تـری بە بێچوەکان ئەووت، فێری ئەکردن کە چۆن دانەوێڵەو خـواردن بـدۆزنـەوە، چـۆن خۆیان لە دەسـت دوژمـن بپارێزن! ....

ڕۆژێک کۆتری دایک بە بێچوەکانی ووت: ڕۆڵەکانم! ئەبێ زۆر ووریا بن و ئاگاداری لە باڵەکانتان بکەن بۆ ئەوەی نەشکێن! ئەگەر خوانەخواستە باڵتان بشکێ ئیتر ناتوانن بفڕن، هەر باڵدارێکیش نەتوانێ بفڕێ ناتوانێ خواردن پەیدا بکاو برسی ئەبێ.

یەکێک لە بێچوەکان ووتی: دایە گیان! خوای گەورە باڵی بە ئێمە داوە بۆ ئەوەی پێی بفڕین! ئەوە شتێکی باشە، بەڵام بۆچی دەمی ئێمە وەک دەمی ئاژەڵەکان

نیە، بۆ ئێمە دەنوکمان هەیە و ئەوان دەم!؟
کۆتری دایکانە ووتی: ڕۆڵە گیان! بەیانی زوو وەڵامت ئەدەمە.
بەیانی زوو بێچوەکە هاتەوە بۆ لای دایکی و دیسانەوە پرسیارەکەی کردەوە، کۆتری دایکانەش ڕۆشت دو چڵ داری هێنا کە ئەوەندی یەک بون، بەڵام سەری یەکێک لە دارەکانی وەک دەنوکی کۆتر تیژ کردبو، سەری چڵەدارەکەیتر تیژ نەبو، بەڵکو پان بوو.
کۆتری دایک سەرەتا ئەو چڵە دارەی دا بە بێچوەکە کە سەرەکەی تیژ نەبو، ووتی:
ئادەی ڕۆڵە گیان ئەو چڵەدارە بهاوێژە!
کۆتری بێچو چڵە دارەکەی هاویشت و چڵەدارەکە کەمێک دوور کەوتەوە
دوایی ووتی‌ک ئادەی ئێستا ئەو چڵە بهاوێژە کە سەرەکەی وەک دەنوکی خۆمان تیژە!
بێچوە کۆتر چڵەدارە تیژەکەی هاویشت، ئەمجارە چڵەدارەکە زۆر دوور کەوتەوە
کۆتری دایک ڕوی کردە بێچوەکە ووتی: ئەها ڕۆڵە! بینیت؟ خۆ ئەو دوو چڵەدارە وەک یەک بوون، هیچیان لە هیچیان زیاتر نەبوو، بەڵام ئەوەی کە سەرەکەی وەک دەنوکی خۆمان تیژ بوو زیاتر ڕۆیی! وا نیە؟
بێچوەکە ووتی: با وایە! بەڵام بۆچی وایە؟

کۆتری دایکانە ووتی: ئێ! پرسیارەکە ئەمەیە، ئەوەی کە نوکەکەی تیژە باشتر هەوا ئەبڕێ و زیاتر ئەڕوا.

بێچوەکە سەری سورما ووتی: دایکە! ئەو وەڵامە چ پەیوەندی بە پرسیارەکەی منەوە هخەبوو؟

دایکی ووتی: ویستم کە پێت پیشان بدەم کە ئەم دەنوکانەی خۆمان چۆن یارمەتیمان ئەدەن بۆ ئەوەی لە کاتی فڕینا ئاسن و زیاتر بفڕین! ئەگەر خۆمان وەک ئاژەڵەکان دەنوکمان نەبوایەو جیاتی دەنوک دەممان هەبوایە نەمانئەتوانی بە ئاسانی بفڕین، بەڵکو فڕین یان زۆر ئەستەم یان هەر نەدەبوو!

دەی ڕۆڵە ئێستە پێم بڵێ وەڵامەکەت دەسکەوت؟

بێچوەکە ووتــی: بەڵێ دایــە گیان زۆر بە باشی تێگەشتم!

دوایــی دایکی ووتــی: جگە لــەوە دەنــوک سودی زیاتری بۆ ئێمە هەیە، دانەوێڵەی پێ کۆ ئەکەینەوە، زەوی پێ هەڵئەکۆڵین بۆ ئەوەی خواردن لە ناو زەویدا بدۆزینەوە، پەرو باڵی خۆمانی پێ ئەخورێنین، خۆمانی پێ خاوێن ئەکەینەوە....

بێچوەکە زۆر سوپاسی دایکی کردو ووتی: ئێستە کاتی ئەوە هاتوە دەست بە فڕین بکەم و ئیتر خۆم خواردن بۆ خۆم پەیدا بکەم.



# (٩)
# شێری زانا

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

لە دارستانا شێرێکی زانا هەبو ناویشی زانا بوو، زانا سەرکردەی دارستان بوو، هەمو ئاژەڵان پڕ بە دڵ زانایان خۆش ئەویست چونکە شێرێکی میهرەبان و قسە خۆش و ڕوخۆش و شارەزابو لە هەمو کاروبارێ، لە گەڵ ئاژەڵانا زۆر بە نەرم ونیانی مامەڵەی ئەکرد، گوێی لە سکاڵای ئاژەڵان ئەگرت، کارەکانیانی بۆ جێبەجێ ئەکردن، بۆیە ئاژەڵانیش هەمویان ملکەچی فرمانەکانی شێری زانا بوون، هەمویان بە دڵ پارێزگارییان لە دارستانەکەیان ئەکرد و بەرامبەر سوپاو شێری سەرۆکی دارستانەکەی ئەوبەر ئەوەستانەوە، شێرەکەی ئەوبەر ناوی جەنگیز بوو، جەنگیز ئەیەویست دارستانەکەی شێری زاناش داگیر بکات و خۆی ببێ بە گەورەو سەرکردەی هەردوو



دارستانەکە.

شێری زانا کوڕێکی گەنجی هەبو ناوی ئاگرین بوو، ئاگرین هەمیشە پرتەوبۆڵەی ئەهات و گلەیی لە باوکی ئەکرد و ئەیووت:

× نابێ باوکم ئەوەندە لە گەڵ ئاژەڵانا نەرم ونیان بێ، ئەبێ وەک جەنگی دڕندەو توندو تیژ بێ!

ڕۆژێک ئاگرین لە گەڵ ڕێوی هاوڕێیا دانیشتن و ئاگرین بە ڕێووی ووت:

× ڕێوی هاوڕێ من زۆر سەرم لە باوکم سوڕ ئەمێنێ!

ڕێوی بە ئاگرینی ووت:

: بۆچی ؟

× ئاخر باوکم سەرۆکی دارستانە، ئەو وەک سەرۆک مامەڵە ناکا، ئەو وەک ئاژەڵێکی ئاسایی مامەڵە ئەکا، کێ دیویەتی کەرو سەگ ومەڕ لای شێر دابنیشن و گفتوگۆ بکەن و ئەویش بە باشی گوێیان لێ بگرێ!؟ باوکم ئەوەندە نەرم ونیانە سام هەیبەتی شێرایەتی خۆی لە دەست داوە ئاژەڵەکان لێی ناترسن!

: نا وانیە! باوکت سەرۆکێکی زاناو دادپەروەرە، بۆیە هەمو ئاژەڵان خۆشیان ئەوێ و گوێ ڕایەڵی باوکت ئەکەن

× من ئەم جۆرە کارانەی باوکمم پێ خۆش نیە،

هەرکاتێ من بوم بە سەرۆکی دارستان وەک ئەو مامەڵە ناکەم و هەمو شتێ ئەبەمەوە دۆخی خۆی! ئەبێ کارێ بکەم کە ئاژەڵەکان لێم بترسن، ئەبێ خەڵک لە سەرکردە بترسێ! ئەبێ بە شێویەک بنەڕێنم کە دارستان دەنگ بداتەوەو گەورەو بچوک، نزیک و دوور لە ترسم هەڵبێن، ئەبێ هەمو ئاژەڵەکان دەستەمۆ بکەم و هەمویان گوێڕایەڵم بن.

: بێدەنگ بە ئاگرین! خشە دێ، لەوبەرەوە گوێم لە دەنگی جەنگیز و هاوڕێکانیە، لەمبەریشەوە گوێم لە دەنگی باوکت و ئاژەڵەکانی هاوڕێیەتی، وابزانم هەردوولا بە تەمای ئەوەن جەنگ بکەن، وەرە ئاگرین تەماشا بکە! تەماشای کەرەکێوی بکە بە هەمو هێزیەوە شاڵاو بۆ جەنگیز ئەبا! ئەهاها تەماشا چۆن جەنگیزی داوەتە بە لەقە! ئۆی ئۆی ئۆی! تەماشای کەرگەدەن بکە! بزانە چۆن بەرگری لە دارستانەکەی ئەکات و دژی جەنگیز و هاوڕێکانی ئەجەنگێ! وەرە تەماشا بکەو بە چاوی خۆت ببینە! ئەزانی بۆچی ئەو ئاژەڵانە ئەوێرن بەرامبەر جەنگیزی شەڕفرۆش بوەستنەوە؟

ئاگرین لە دوورەوە تەماشای گۆڕەپانی جەنگی ئەکرد و ووتی:

× چونکە ئەو ئاژەڵانە لە باوکم ئەترسن بۆیە یارمەتی باوکم ئەدەن!



: نەخێر وانیە ئاگرین! ئەوان باوکی تۆیان خۆش ئەوێ، چونکە باوکت سەرۆکێکی باش و نەرم ونیانە ئەوانیش بە هەمو شێوەیەک یارمەتی ئەدەن و دژی دوژمنانی باوکت ئەجەنگن!

× لاچۆ ڕێوی! نامەوێ باسی خۆشەویسی ومۆشەویسیم بۆ بکەی! من حەزم لە بیستنی ئەم جۆرە قسانە نیە!

: باشە! با بزانین هەرکاتێ تۆ بوی بە سەرۆک چی ئەکەی؟

ڕۆژگار تێپەڕی، شێری زانا پیر بوو، ڕۆژێک بانگی ئاگرینی کوڕی کرد و ووتی:

- ڕۆڵە ئاگرین! من ئیتر پیر بووم، توانای سەرۆکایەتیم نەماوە! ئیتر لەمڕۆ بەدواوە تۆ سەرۆکی دارستانی، ئامۆژگاریت ئەکەم کە لە گەڵ ئاژەڵانی دارستانا باش و نەرم ونیان بی، گوێیان لێبگرە، مافەکانیان بۆ بستێنەوە، ئەوانە ژێردەستەی تۆن، تۆش ئەبێ بیانپارێزی!

ئاگرین لە وەڵامی باوکیا ووتی:

× باوکە گیان تەمەن درێژ بی! بەڵام من سیاسەتی تایبەت بە خۆم هەیەو بەو شێوەیەی کە خۆم ئەمەوێ سەرۆکایەتی دارستان ئەکەم!

- سیاسەتی تۆ چۆنە ڕۆڵە؟

× ئەبێ ئاژەڵەکان توندوتۆڵ بکەمەوەو ترس بخەمە دڵیانەوە!

- ڕۆڵە من ئامۆژگاری خۆمم کردو تۆش سبەی ودووسبەی ڕاستی قسەکانی منت بۆ دەرئەکەوێ!

دوای چەند ڕۆژێک سەرۆک زانا کۆچی دوایی کرد و ئاگرین ڕایگەیاند کە لەمڕۆ بە دواوە من سەرۆکم! ئاگرین هەمو ئاژەڵانی کۆ کردەوەو هەندێ قسەی بۆ کردن و ووتی:

× ئاژەڵەکان! دەزانن کە هەمو سەرۆکێ سیاسەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، باوکم لە کاتی سەرۆکایەتی هەڵەی زۆری کرد، من ئەو هەڵانەی باوکم ڕاست ئەکەمەوەو وەک ئەو ناکەم، ئەبێ هەموتان ئەوە بزانن کە پاشای دارستان سام وهەیبەتێکی هەیە، هەرکەس بیەوێ من ببینێ نابێ لەخۆوە بێت بۆ لای من، ئەبێ ڕۆژی پێشو مۆڵەتی بینینی من وەربگرێ، ئەمەوێ هەر قسەیەکم کرد یەکسەر بڵێن: وایە! هەرکەس چەلەحانێم لە گەڵا بکا ئەیکەم بە ژەمە خۆراکی ئەو ڕۆژە! ....

ئاژەڵەکان هەمو لە ترسی ئەو سیاسەتە هەڵانەی ئاگرین لەرزیان لێهات، دوای دوو ڕۆژ مەیمون بە ئاسکی دراوسێی ووت:

+ ئەی هاوار! ئیتر خۆشیەکەی جاران کۆتایی هات، هەمو شتێ گۆڕا

ئاسک ووتی:

:: چی رویداوە؟

+ نەتزانیوە؟

:: نەخێر!

+ دوێنێ ئاگرین بانگی کەرەکێوی کردوەو پێی ووتوە هەندێ داری بۆ بێنێ، کەرەکێوی کەمێک دواکەوتوە ئاگرین بە تەواوی لێی تورە بوەو پێی ووتوە:

× کەری نەفام! یەکجاریتر دوا بکەوی ئەتکەم بە پارویەکی چەور و زگت ئەدڕم!

لە بەرچاوی ئاژەڵەکانا کەرەکێوی داماوی تەریق کردۆتەوە

ئەمڕۆش ئاسکێکی بچوک بە بەردەمماڵیانا تێپەڕیوە گرتویەتی و ووتویەتی:

× بۆچی دەنگت لێوە هاتوەو خەووت لە من تێکداوە پاشان ئاسکە بەستەزمانەکەی خواردوە!

:: چی؟ ئاسکێکی خواردوە؟

+ نەکا کوڕەکەی تۆ بێت، با بڕۆین هەواڵێکی بپرسین!

ئاسکەکە بە پەلە بەرەو ماڵ گەڕایەوەو مەیمونیش بە دوایا، گەشتنە ماڵەوە، بەڵام کوڕە بچوکەکەی ئاسک دیار نەبو، بە پەلە بەرەو ماڵی ئاگرین ڕۆشت، لە نیوەی ڕێگا چاوی بە هەندێ ئاژەڵ کەوت کە بە

شین وزاری پاشماوەی ئاسکە بچوکەکەیان هەڵگرتبو بەرەو ماڵی ئاسکی گەورە ئەهاتن، لە ترسی ئاگرینیش نەیانئەوێرا قسە بکەن، ئاسکی دامـاو پاشماوەی کوڕەکەی خۆی هەڵگرت و بە چاوی پڕ لە فرمێسک و دڵی پڕ لە خەم وخەفەتەوە گەڕایەوە بۆ ماڵ.

ئێوارەیەک ئاگرینی دڕندە بە ڕێوی هاوڕێی ووت:

× ڕێوی! سیاسەت و بەڕێوەبردنی منت پێ چۆنە؟

ڕێوی یەکسەر وەڵامی ئاگرینی دایەوەو ووتی:

: هەمو ئاژەڵەکان لێت ئەترسن بەڵام هیچیان تۆیان خۆش ناوێ!

× خۆشەویسی گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە لێم بترسن و منیان بینی ڕابکەن.

: نەخێر من پێم وایە خۆشەویسی ئەبێتە زامنی ئاشتی و سەقامگیری دارستان نەک تۆقاندن و ترساندن!

ئاگرین بە دەنگێکی بەرز و گاڵتە ئامێزەوە ووتی:

× باشە خۆشەویسی کاروبارەکان دروست ئەکا یان کوشت وکوشتار ئەکا؟ هەمو ئاژەڵەکان بە دەست کار ئەکەن و بەدڵ پێیان ناخۆشە، هیچ کەسیان بە دڵ کار ناکەن!

ڕێوی وای بە باش زانی چیتر وەڵامی ئەو شێرە دڕندەیە نەداتەوە بۆیە بێدەنگ بوو

بەیانییەک زۆر زوو ئاژەڵەکان هەمو بە دەنگی



نەڕەی ئاگرین بە ئاگا هاتن، ئاگرین ئەینەڕاندو ئەیووت:

× هەموتان وەرن کارم پێتانە!

ئاژەڵەکان لە ترسا زۆر بە پەلە رۆشتن بۆلای ئاگرین، ئاگرین ئەوەی پێ خۆشبوو کە بەو جۆرە لێی ئەترسن، بە کەش وفشێکەوە بە ناو ئاژەڵەکانا گەڕاو ووتی:

× بیستومە جەنگیزی پاشای دارستانەکەی ئەوبەر خۆی ئامادە کردوە بە سوپاکەیەوە شاڵاومان بۆ بێنێ، ئەبێ ئێمە کارێکیان پێ بکەین هەرگیز لە بیریان نەچێتەوە

دوایی ئاگرین ڕوی کردە کەرەکێوی و پێی ووت:

× کەرەکێوی ئەمەوێ بە شێوەیەک جوتەیان لێ بوەشێنی هەرگیز لە بیری نەکەن! ئازایی و زیرەکی خۆت بنوێنە!

دوایی ڕوی کردە کەرگەدەن و پێی ووت:

× کەرگەدەن! تۆ شاخێکی بەهێزت هەیە، بەو شاخە زگی هەمویان بدڕە!

کەرکێوی و کەرگەدەن و ئاژەڵەکانیتریش سەرێکیان بۆ ئاگرین لەقاند و وایان دەرخست کە هەمویان ئامادەن بۆ بەرگری کردن لە دارستانەکەی ئاگرین!

ڕۆژی دوایی جەنگیز بە خۆی و سوپاکەیەوە شاڵاویان هێنایە سەر ئاگرین و دارستانەکەی، ئاگرین پڕ بە دەمی خۆی هاواری ئەکرد و ئەیووت:

× دەی کەرەکێوی جوتە بوەشێنە! زووبە کەرەکێوی بە شاخە بەهێزەکەت وورگیان بدڕە!

پاشن کەمێک جەنگ و شەڕ کردن سوپاکەی ئاگرین هەمویان هەڵاتن، ئاگرین بە تاقی تەنیا لە مەیدانی جەنگا مایەوە، کەمێک تەماشای دەوروبەری خۆی کرد هیچ کەسێکی نەدی یارمەتی بدا، بۆیە بە ناچاری ئەویش هەڵات، چەند ئاژەڵێک لە سوپاکەی جەنگیز شوێن ئاگرین کەوتن بۆ ئەوەی بیگرن و بیکوژن، بەڵام زۆر بە خێرایی ڕای ئەکرد و لە دارستانەکە دەرچوو، لە نێوان هەندێ گژوگیادا خۆی حەشار دا...

دوای چەند ڕۆژێک گورگێک ڕۆشت بۆ لای جەنگیز و شوێنەکەی ئاگرینی پێ نیشاندا، جەنگیز خۆی و چەند شێرو پڵنگێکیتر رۆشتن بە دوای ئاگرینا، ئابڵوقەی ئاگرینیاندا، پاش کەمێک ئاگرین گیرا.

دوای ئەوەی ئاگرین گیرا مەیمون بە ئاسکی ووت:

+ وەرە با شتێکی دڵخۆشکەرت پێ نیشان بدەم!

ئاسکەکە لە گەڵ مەیمونا ڕۆشت، مەیمون بردی بۆ سەر کەلاکی ئاگرین و پێی ووت:

+ ئەمە پاشماوەی کەلاکی ئاگرینە، جەنگیز



کوشتی و خواردی، ئەوەتا داڵ و باڵندەکانیتریش لە پاشماوەکەی ئەخۆن!

ئاسکەکە ووتی:

:: ئەم پاشماوەی ئاگرینە ڕێک وەک پاشمەوەی کوڕەکەی منەو ئەووم بیر دێنێتەوە، ئێستا ئەزانم کە دادگەری چۆنە، هەرکەس هەرشتێ بچێنێ هەر ئەو شتە ئەدورێتەوە، ئای داخی گرانم بۆ شێرە زاناکە! چەندە دادگەر بوو، ئاگرینیش ئەوەندە ستەمی کرد تا خۆیشی بو بە پاروی جەنگیز و هاوەڵانی.



# (١٠)
# پاشای ڕێوییەکان

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبوو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو.

ڕۆژێک لە ڕۆژان پاشای ڕێوییەکان بە مەبەستی ئاو خواردنەوە بەرەو گۆماوێکی نزیک دارستان کەوتە ڕێ ، کەش و هەوا زۆر گەرم بوو ، تیشکی خۆر زۆر تیژ بوو ، ڕێوی گەشتە گۆماوەکەو دەمی نایە ناو ئاوەکەوە بۆ ئاو خواردنەوەو لە ئاوەکەدا چاوی بە سەرو گوێلاکی خۆی کەوت ، زۆر بە خۆی سەرسام بوو ، هێزو بازوی خۆی بە گەورەو بەهێز هاتە بەرچاو ، خۆی لێگۆڕاو لە دڵی خۆیا ووتی: کورە خۆ من زۆر بەهێزم خۆم بە خۆمم نەزانیوە ... زۆر باشە ! ئەبێ پیشانی هەمو ئاژەڵانی بدەم کە من لە هەمویان بەهێزترم...

ڕێوی بەرەو ماڵ گەڕایەوە ، لە ڕێگا دای بە لای مەیمونا ، پاڵێکی زۆر بەهێزی بە مەیمونەوە نا ، وەخت بوو مەیمون بکەوێ و لە حەوت جێگادا ملی

بشكێ... ڕێوی ووتی:
- ئەزانی من کێم !؟
مەیمون ووتی:
+ ئەی بۆ نازانم! ڕێوییەکەی دراوسێی خۆمانی!
- ها با بزانی من پاشای ڕێوییەکانم، لە گەڵ هەر کەسدا زۆران بازی بکەم ئەیبەزێنم!
+ کورە ئەوە تۆ ئەتەوێ ستەمکاری بکەی؟
- وایە... هەرچی ناو ئەنێی ناوی بنێ... قسە هەر ئەوەیە کە کرد.... بڕۆ بەولاوە تا نەمکوشتوی...
ڕێوی مەیمونی بەجێهێشت و بە دوای ئاژەڵێکیترا ئەگەڕا کە هێز و بازوی خۆی پیشان بدا، چاوی بە کوتکە سەگێکی بچوک کەوت و بە سەر ئەویشا هاواری کردو خۆی نواند... کوتکە سەک ووتی:
× ئەوە کاک ڕێوی بۆ وا ئەکەی خۆ من هیچم نەکردوە!؟
- کورە ئەوە تۆ ئەڵێی من ناناسی!!؟ من ڕێویم ڕێـوی.... پاشای ڕێوییەکان... کەس پێم ناوێرێ!! پاشان ڕێوی کوتکە سەگیشی بەجێهێشت و دەستی بە ڕۆشتن کرد.
لە ڕێگادا ڕێوی تەشقەڵەی بە کۆمڵێکیتر ئاژەڵی لاواز وداماو کرد، ئاژەڵەکان کۆ بونەوەو ڕۆشتن بۆ لای فیل و سکاڵای خۆیانیان لە ڕێوی کرد

فیل بە ئاژەڵەکانی ووت:

= ئەوە توشی نەخۆشی خۆ بە زلزانین بوە! پەلە مەکەن من پزیشکێکی بۆ ئەنێرم ئەو نەخۆشییەی چارەسەر بکا!

ئاژەڵەکان ووتیان:

# چ دەرمانێک ڕێوی چارەسەر ئەکا؟

= پەلە مەکەن! چاوەڕوان بن! خۆتان چاوتان بە پزیشکەکەی ئەکەوێ

هەمویان ووتیان

# باشە! چاوەڕوان ئەبین

فیل ناردی بە شوێن پڵنگێکا کە ناوی مەنشور بوو، چیرۆکی ڕێوی و ئاژەڵەکانی بۆ مەنشور گێڕایەوەو داوای لێکرد چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، مەنشور ووتی:

* هەقتان نەبێ، خۆم چارەسەری نەخۆشییەکەی ڕێوی ئەکەم

مەنشور بەرەو لای ڕێوی بە ڕێکەوتوو کە لە ڕێوی نزیک بویەوە پاڵێکی زۆر بەهێزی بە ڕێوییەوە نا

ڕێوی ووتی:

- ئەوە بۆ پاڵم پێوە ئەنێی؟ خۆ من هیچم نەکردوە؟

* کورە من مەنشورم! مەنشور! ... پاشای پڵنگەکان! ئەڵێی نامناسی؟ کەس بە من ناوێرێ! من لە هەمو



کەس بەهێزترم!!

مەنشور سێ چوار ڕۆژ لە سەر یەک تەشقەڵەی بە ڕێوی ئەگێڕا و پاڵی پێوە ئەنا... هەر جارێکیش ڕێوی بە مەنشوری ئەگووت بۆچی وا ئەکەی؟ مەنشور ئەیگوت: کورە من مەنشورم! مەنشور! ... پاشای پڵنگەکان! ئەڵێی نامناسی؟ کەس بە من ناوێرێ! من لە هەمو کەس بەهێزترم!!

ڕێوی زۆر خەمبار بوو، لە شوێنێکا بە کزی و داماوی و خەمباری دانیشت، مەیمون دای بە لای ڕێوییا و ووتی:

+ پاشای ڕێوییەکان! ئەوە بۆ وا دۆش داماوی؟ چیتە؟

- کورە ئەو پڵنگە... مەنشور ئەڵێم... هەر لە خۆیەوە ستەمم لێ ئەکا و پاڵم پێوە ئەنێ... بە بێ ئەوەی من هیچ خراپەیەکم بۆی هەبێ ئازارم ئەدا.


+ ئەی ئاژەڵەکانیتر ئازاری تۆیان ئەدا تۆ هەمو ڕۆژێک پاڵت پێوە ئەنان و ستەمت لێ ئەکردا؟ تۆ نەبوی ئتگوت: من پاشای ڕێوییەکانم! کەس بە من ناوێرێ! ئەی ئەو کەش و فشەت لە چی بوو؟ ... بۆ ئاوا مات و خەمباری؟ خۆ تۆ ئەتگوت: کەس چارم ناکا، هەرکەس بێتە مەیدان ئەیبەزێنم... دەی پڵنگ ببەزێنەو مافی خۆتی لی بسەنەوە!؟

ڕێوی هەستی بە ستەکارییەکانی خۆی کرد و ووتی:

- ئێستا تێگەشتم! ئەوە ستەمکارییەکانی خۆم بوو هاتوەتە ڕێگام... بەڵێن بێ جارێکیتر ستەم لە کەس نەکەم.

پاشان ڕێوی ڕۆشت و داوای لێبوردنی لەو ئاژەڵانە کرد کە ستەمی لێکردبون... بۆ هەتا هەتایە وازی لە ستەمکاری هێنا.. ئیتر پڵنگیش وازی لە ڕێوی هێنا و ڕێگەی پێ نەدەگرت و ئازاری نەئەدا.

دوای ئەوە ئاژەڵەکان هەمویان ڕۆشتن بۆ لای فیل و سوپاسیان کرد... دوای ئەویش ڕۆشتن بۆ لای پڵنگ و سوپاسی ئەویشیان کرد.... لەو ڕۆژە بەدواوە ئاژەڵەکان بە بێخەمی لە دارستانا ئەژیان.




SCHOOL


٦ بۆ ١٢ ساڵ
3
زنجیرەی هەبوو، نەبوو
یەخسیری وەک مردنە
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس
زنجیرەی هەبوو، نەبوو
نرخی ئازادی
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس
5
زنجیرەی هەبوو، نەبوو
چاڵ هەڵکەن خۆی لە بن چاڵە
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس
4
زنجیرەی هەبوو، نەبوو
دادگەری بناغە و ڕیشەی
هەموو خێرو خۆشییەکە
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس